# عەلەوییەکانی دێرسیم

## لە ململانێی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی - سەفەویدا

## (1500 – 1520)

پ.ی.د. ئاکۆ عبدالکریم محمود شوانی
زانکۆی سلێمانی
سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

### پێشەکی

بەردەوام عەلەویەکان بابەتێکی بەرچاو جێی مشتومڕ بوون لە نێو دەوڵەتی عوسمانیدا، تا ئەمڕۆش ئەوان وەکو پێکهاتەیەکی بە ڕەچەڵەك کورد، بەڵام خودان ئاینێکی تایبەت دوو جۆر چەوساندنەوەیان لەسەرە، چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی وەکو کورد، چەوساندنەوەیەکی ئاینیش لەلایەن حکومەتی عوسمانی ئەوکات، ئەمە وێڕای ئەو سیاسەتەی بەکەم زانین ئافەرۆز کردنەی بەرامبەریان پەیڕە و کراوە.

### گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بایەخ و گرنگیەکەی لەوەدایە، هەوڵ دەدات لایەنە شاراوەکانی ڕەوشی عەلەویەکان لە سایەی ململانێی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا بە دەربخات، بە تایبەتی لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی شازدەهەمدا، کە شائیسماعیل سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی شیعە گەرێتی بوو لە ڕۆژهەڵات و ناوڕاستی ئەنادۆڵدا، هەر لەم کاتەشدا سوڵتان سەلیم بۆ بەرگرتن لە هەوڵەکانی شائیسماعیل گەورەترین هەڵمەتی قەڵاچۆی لایەنگرانی شائیسماعیلی دەستپێکرد، کە بە پلەی یەکەم لە نێو خێڵە تورکمانە کۆچەرەکاندا بوون، بەڵام سوڵتان سەلیم دەستی لە کوردە عەلەویەکانی (دێرسیم) یشی نە پاراست، لە

کاتێکدا ئەمان شیعەش نەبوون، تەنها لێکچونێك لە نێوان هەردووکیاندا پیرۆزی (عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب) بوو، بەڵام زۆر بە قورسی باجەکەیاندا.

نوسینی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی سەبارەت بەم بابەتە کارێکی بێ گرفت نەبووە، بە حوکمی کەمی نوسین و سەرچاوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی سەبارەت بەو بابەتە، هەروەها ئەستەمی دەستکەوتنی سەرچاوەی تورکی یان تورکی عوسمانی، ئەمە جگە لە شاراوەیی و پەنهانی لایەنەکانی ژیان و مێژووی عەلەویەکان بە گشتی.

## میتۆدی توێژینەوە

بۆ نوسینی ئەم کارە پەنامان بۆ میتۆدی مێژوویی بەراوردکاری بردووە، بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستی و درووستی لایەنەکانی مێژووی عەلەویەکان و بەراوردکردنی زانیاری نێو سەرچاوەکان، کە دواجار مەبەست لێی دەرخستنی بۆ چونێکی زانستیانە بووە.

ئەم کارەمان دابەشکردووە بۆ چوار باس:

باسی یەکەم: تایبەتە بە ئاماژەدان سەبارەت بە بنەماکانی ئایینی عەلەوی و لایەنەکانی لێکچوون و جیاوازی لەگەڵ ئاینەکانی دیکەدا، وێڕای ئاوڕدانەوەیەکی ورد سەبارەت بە جیاوازی نێوان ئاینی کوردە عەلەویەکان و ئانیزای شیعە گەرێتی جەعفەری.

باسی دووەم: ئەم باسە تایبەتە بە دەستنیشانکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی عەلەویەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی و نیشتیمانی کوردە عەلەویەکان بە تایبەتی، وێڕای تایبەتمەندێتی شوێنەکە و ڕەوشی ئابوری ژیانیان.

باسی سێیەم: لەم باسەدا هەوڵمانداوە تیشك بخەینە سەر سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە کوردە عەلەویەکانی دێرسیم، کە هەردەم سیاسەتێکی نەرێنی و توند بووە، هۆکارێکیش بووە بۆ قۆستنەوەی لەلایەن شائیسماعیلی سەفەوی.

باسی چوارەم: دواباسی توێژینەوەکەمان تەرخانمان کردووە بۆ لیدوان لە هەوڵەکانی شائیسماعیل بە مەبەستی کۆکردنەوەی هەوادار و لایەنگر لە نێو خێڵە تورکمانەکانی ئەنادۆڵ و عەلەویەکانی نێوچەکەدا، هەروەها پەرچەکرداری سوڵتان سەلیم بەرامبەر بەو سیاسەتەی شائیسماعیل و ئەو توندو تیژیەی دژ بە هەوڵەکانی شائیسماعیل و ئەو سیاسەتە توندوتیژەی دژ بە کوردە عەلویەکان پەیڕەوی کردبوو، کە بێگومان کاریگەری زۆر نەرێنی و خراپی لە سەر ڕەوشی ژیانیان جێ هێشتووە، لە ڕاستیدا کوردە عەلەویەکان

بونەتە بابەتی نێو ململانێی دوو دەوڵەت بێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندیەکیان هەبێت لەو نێوانەدا.

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە هەوڵمانداوە پەنا بۆ بەشی هەرە زۆری ئەو سەرچاوانە بەرین کە لە بەردەستدا بوون، ژمارەیان پەنجا سەرچاوەیە، هەندێکیان بە پلەی یەکەم سودمان لێ بینیون و سەرچاوەی سەرەکی و ڕەسەنن بە تایبەتی هەردوو بەرگی (الدولةالعثمانية: تأريخ و الحضارة) نوسینی چەند گەرووە مێژوونوسێکی تورك، هەروەها (تأريخ الدولةالعثمانية منذ النشوء الى التدهور) نوسینی (خليل اينالجك) وێرای ئەم سەرچاوەیە دوو بەرگ کتێبی (التأريخ الاقتصادي و الاجتماعي للدولة العثمانية)ی هەمان نوسەر سوودی هەبووە لە نوسینی توێژینەوەکەدا، هەروەها کتێبە دەگمەنەکەی (د.نوری دەرسیمی) (دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا) کە خۆی وەك کەسێکی عەلەوی خاوەن بیروهەستی کوردایەتی ئەو بەرهەمەی نوسیوە و سودی زۆری هەبووە بۆ ئەم کارەمان ئەمە جگە لە کتێبەکانی نوسەرانی دیکەی وەك (م.س.لازاریف، جەلیلی جەلیل، د.ئیسماعیل بێشکچی د.سەعدی عوسمان:.. هتد).

# باسی یەکەم
# بنەماکانی ئایینی عەلەوی

عەلەویەکان بریتین لە کەمینەیەکی ئاینی، کە خاوەنی ڕێ و ڕەسمی ئاینی تایبەت بە خۆیانن،(دەرسیمی، ۲۰۰۱: ٤۰) ئەم ئایینە بەشێوەیەکی گشتی لە تورکیادا لەنێو تورکمان و بەشێك لە کوردەکانی ئەنادۆڵدا باوە(العبدولی، ۲۰۰۷: ۱۳۰) لەهەمان کاتدا لە سوریاشدا بوونیان هەیە(ئیزەدی، ۲۰۰۷: ۲٤۳) سەبارەت بە بیروباوەڕی ئاینی عەلەویەکان بەگشتی هەڵە و لێکدانەوەی باو زۆرن، بە تایبەت لەوەدا کە زۆرێك لە بەهەڵە بەشیعەی دوانزە ئیمامی لە قەڵەمیان دەدەن،(الکیالي، ج۵، ۲۰۰۹: ۱۸۱) هەندێکی دیکە بە عەلی ئیلاهی ناوزەدیان دەکەن (لازاریف، ۲۰۰۱: ۲۷۳)، لە ڕاستیدا ئەمانە بە هیچ شێوەیەك ناچنەوە سەر ئاینزای شیعە،(أغلو، ۱۹۹۹: ۱۹۷؛ ئیزەدی، ۲۰۰۷: ۲٤۷) هێندە نەبێت کە لە بنەڕەتەوە ئیمامی عەلی لە ئەندازە بەدەر لایان پیرۆزە(میران، ۲۰۰۰: ۲۰۷_۲۰۸؛ کیسیێر، ۲۰۰٦: ٥۱) ئەمەش زۆر جار دەگاتە ئاستی بەخودا زانینی (عەلی)( کیسیێر، ۲۰۰٦: ٥۱) یان باوەڕ بوون بەوەی کە خودا لە (عەلی)دا خۆی بەرجەستە دەکات (۹)(میران، ۲۰۰۰: ۲۰۷_۲۰۸). سەرچاوەی بیر و باوەڕەکەیان لەسێ شتی گرنگ پێکهاتووە کە بریتین لە (واتا، ناو، باوك)، هەرسێکیان لە کەسایەتی عەلی و محەمەد و سەلمانی فارسیدا کۆبوونەتەوە: بەڵام زیاتر لە ئیمامی (عەلی) دا خۆی دەنوێنێ (غەفور، ۲۰۰۰: ۲۰٦، ۲۰۷).

ئەوان پێیان وایە پێنج فریشتە هەن کە دەکرێت وەك هۆکاری پەیوەندی نێوان خواوەند و مرۆڤ لە قەڵەم بدرێن ئەمە جگە لەوەی کە بە بڕوای ئەوان خواوەند۱۲ وەزیر و ٤۰ پێغەمبەری هەیە، یەکێك لەو پێغەمبەرانە (سەلمان فارسی) یە (۱۱)(بوا، ۲۰۰۱: ۱۳٥،۱۳٦). دەکرێت بڵێین هۆکاری بە شیعە لە قەڵەمدانیان زیاتر پەیوەستە بەو پێگەیەی ئیمامی عەلی، کە هەندێك جار بە (هەوادارانی عەلی) یان (ئەڵەویان) لە قەڵەم دەدرێن( ئیزەدی، ۲۰۰۷: ۳٤۲). بەڵام لە سوریادا بە (نەسیری) دەناسرێن، ئەمەش وەك گێڕانەوەیەك بۆ سەر فەقیهی شیعە (محەمەد کوڕی نەسیر) (الکیالي، ج۵، ۲۰۰۹: ۸۱)، لێرەدا پێمان وایە ئەو عەلەویانەی سوریا تا ئەندازەیەکی زۆر لەڕووی بیروباوەڕ و سروت و ڕێسا ئایینیەکانیان جیاوازن لە عەلەویەکانی تورکیا بەگشتی و عەلەویەکانی دێرسیم بە تایبەتی.

بەڵام لە تورکیادا ئەو بۆچوونانەی بە شیعەیان لەقەڵەم دەدەن دەیان بەنەوە سەر (ئیمام جەعفەری سادق)، گوایە لە سەدەی (١١) یازدەهەمدا ئاینزای جەعفەری لە عەرەبستان گواستۆتەوە بۆ کوردستانی خۆراسان و ئێران(دەرسیمی، ٢٠٠١: ٤٢). بەبارێکی دیکەدا عەلەویەکان پێیان وایە کە ئیمام عەلی دووکەسایەتی هەیە چونکە عەلی و محەمەد پێغەمبەر پێکەوە دەکەنە یەك کەس و پێی دەڵێن (عەلی محەممەد) بەڵام بە یەك تاقە بەرجەستەکەری دادەنێن، کە بە دوو شێوە بە دەردەکەوێ ( ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٤٢). بەڵام لەبەرئەوەی عەلەویەکان بنەمای بەرجەستەبوون و بەرجەستە بوونی خودایی و یەکێتی بوون، بنەمایەکی سەرەکیە لە ئاینەکەیاندا و باوەڕیان بە (دۆنا دۆن) هەیە، ئەوان لەو باوەڕەدان کە ئیمامی عەلی خۆی (خودا)یە لە جەستەی خەڵکی دیکەدا بەدەردەکەوێ، عەلی هەمیشە هەرخودابووە و بەشێوەی جۆراوجۆر دەرکەوتووە، خودا واتە (عەلی) لە (١٠٠) سەد شێوەدا تەجسید بووە، بە شێوەی (موسا) بۆ جولەکە، (عیسا) بۆ مەسیحی، (محەممەد) بۆ ئیسلام، بەم پێیە (خودا) بە سەد شێوە بۆ میللەتان بەدەرکەوتووە و مرۆڤی خستۆتە گومانەوە، چونکە بە بڕوای ئەوان ئەگەر وانەبوایە ئەوا هەموو مرۆڤایەتی باوەڕی بە (عەلی) دەهێنا (میران، ٢٠٠٠: ٢٠٧_٢٠٨).

عەلەویەکان جگە لە ئیمامی عەلی، (عیسا) پێغەمبەر بە پیرۆز دەزانن و دوای ئیمامی (عەلی) بە پلەی دووهەم دێت لایان، چونکە لەو بروایەدان کە (عیسا) (خوای کوڕ)ە: خوای (گفت و وشە) یە، ڕزگارکەری دونیایە لەبەردەم (خوای باوك)دا و بەرپرسیارە لە مرۆڤایەتی گوناهکار، زۆربەی سەیدەکانی عەلەوی پێیان وایە کە عەلی وعیسا یەك کەسن، بەڵام هەندێك کەس لە کاتی جیاواز و بە ناوی جیاجیاوە دێنە دنیاوە(میران، ٢٠٠٠: ٢٠٨؛ کیسیێر، ٢٠٠٦: ٥٣) هەر ئەمەش وادەکات کە لەپاڵ زاراوەی (عەلی قولی)دا ( میران، ٢٠٠٠: ٢٠٤)، پێیان خۆشە پێیان بوترێت (عیسا قولی) واتە بەندەی عیسا (میران، ٢٠٠٠: ٢٠٤)، ئەوان ڕێزی زۆر لە مەسیحیەکان دەگرن و منداڵەکانیان دەخەنە خوێندنگا ئەرمەنیەکان و سەرگوزشتەی زۆر لە عیسا دەگێڕنەوە و ڕێزی زۆریش لە (مریەم)ی دایکی دەگرن (میران، ٢٠٠٠: ٢٠٨)، تەنانەت سەیدەکانی عەلەوی کە خۆیان بە نەوەی ئیمامی (باقر) لە قەڵەم دەدەن، پێیان وایە (باقر) لە کچێکی پاکیزەی قەشەیەکی ئەرمەنی لە دایك بووە لە ڕێگای جۆرێك لە موعجیزەوە (جوەیدە، ٢٠٠٨: ٥٨،٥٩)، کە بێگومان بە بۆچوونی ئێمە تێکەڵکردنێکی ئاشکرایە لە نێوان پرۆسەی لە دایکبوونی (عیسا) و (باقر)، تەنانەت هەندێك بۆچوون هەیە کە سروت و بیروباوەری مەسیحی لەو ئاینەدا هەستی پێدەکرێت (بوا، ٢٠٠١: ١٣٥،١٣٦)، هەروەها لە پرسەداناندا لای عەلەویەکان هەندێ دروشمی ئاینی مەسیحیەکانمان بیردەهێنێتەوە، وەکو خوێندنی (ئینجیل) لە سەر مردوو،

دابەشکردنی خواردن و شەراب لە گۆڕستان، ئەمە جگە لەوەی بۆ نموونە هەموو ساڵێك لە ڕێککەوتی یەکەم ڕۆژی مانگی کانوونی دووەمدا کە سەرەتای ساڵی عیساییە، لە بۆنەیەکدا کۆدەبنەوە و دوای نوێژ و پاڕانەوە، سەیدەکانیان دوعا بە سەر نانێکدا دەخوێنن و پیرۆزی دەکەن، کە پێی دەوترێت (حەق لوقمەسی) پاشان بە سەر ئامادەبواندا دابەشی دەکەن، زۆربەی کات ئەو لوقمەیە میوەیە دابەشدەکرێت (کیسیێر، ٢٠٠٦: ٥١؛ جوەیدە، ٢٠٠٨: ٥٩).

عەلەویەکان ناوی(مەسیح) لە منداڵەکانیان دەنێن (غەفور، ٢٠٠٠: ٢٠٦، ٢٠٧) بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناچنەوە سەر ئیسلام ( ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٢٤٧). هەمیشە لە ئیسلام دوورە پەرێزن و (درایڤر، ٢٠٠٥: ٩٧) هەرگیز لەگەڵ ڕوحی قورئاندا یەك ناگرنەوە بەتاییەت لە مەسەلە گرنگەکاندا (ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٢٤٧) هەرچەندە لە سێکوچکە پیرۆزەکەی عەلەویەکاندا لە پاڵ ئیمامی عەلی و عیسا پێغەمبەر، محەممەد وەك خوای ڕوح ناو دەبرێت ( میران، ٢٠٠٠: ٢٠٨). عەلەویەکان بەگشتی هەرگیز نوێژی موسڵمانەکان ناکەن بەڵکو دەستکاریان کردووە و کەمیان کردۆتەوە، ڕۆژانە سێ نوێژ دەکەن – بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارە، تەنها عەلەویەکانی (قۆچگیری) نەبێت کە ڕۆژانە تەنها یەك نوێژ دەکەن، ڕۆژوش وەك موسڵمانان ناگرن، ئەوان ساڵی چەند جارێك ڕۆژ و دەگرن، لەمانگی موحەڕەمدا (١٢) ڕۆژ بەڕۆژو دەبن، جگە لەوە ڕۆژوی (خدر ئەلیاس) دەگرن کە (٧) ڕۆژە لەمانگی نیساندا، بەڵام بەبۆچوونی د.نوری دەرسیمی خدر ئەلیاس دەکەوێتە کۆتایی مانگی کانوونی دووەم و عەلەویەکان سێ ڕۆژ لە دوای یەك بەڕۆژ و دەبن، واباس دەکرێت ئەم ڕۆژوەیان لە ئەرمەنیەکانەوە وەرگرتبێت، عەلەویەکان سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی موسڵمانان ناکەن، تەنانەت فەریزەی (حەج)یش بەجێ ناگەیەنن(بێشکچی، ج[١]، ٢٠٠١: ٣٢، ٣٣؛ میران، ٢٠٠٠: ٢١٤؛ دەرسیمی، ٢٠٠١: ٥٠) لە دەڤەرە عەلەوی نشینەکاندا هەرگیز مزگەوت و تەکیە و خانەقا بەرچاو ناکەون و دروست ناکرێن (کیسیێر، ٢٠٠٦: ٥٣؛ بێشکچی، ج[١]، ٢٠٠١: ٣٢، ٣٣). تەنانەت ئامادەنین فێری زمانی عەرەبیش بن، ئەو زمانەیان بەزمانی خوداپەرستیش قەبوڵ نیە، گومانی زۆریان لە زانایانی موسڵمانی سوننە مەزهەب هەیە، سەبارەت بە لابردنی ئەو ئایەتانەی قورئان کە لە بارەی ئیمامی عەلیەوە هەبوون و جێی شانازی بوون بۆ ئەو کەسایەتیە (کۆچێرا،٢٠١٣: ٤٥٧؛ کیسیێر، ٢٠٠٦: ٥١).

سەبارەت بە مەسەلەی نزیکیان لە شیعە گەرێتیەوە، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە ئەم پێکهاتەیە هیچ پەیوەستەگیەکی لەگەڵ شیعەی جەعفەری یان دوانزەی ئیمامیدا نیە و هەڵەیە بە شیعە لە قەڵەم بدرێن (أوغلو،مج[١]، ١٩٩٩: کیسیێر، ٢٠٠٦: ٥١). لە ڕاستیدا ئەمان هیچ گوێڕایەڵیەکیان بۆ مەرجەعە باڵاکانی شیعە نیە لە نەجەف (الکیالي، ج[٤]، ٢٠٠٩: ٣٦)،

بەڵام بەبۆچوونی (تۆمابوا) ئەمان لەگەڵ شیعەکاندا لە زۆربەی مەزارگە پیرۆزەکاندا هاوبەشن (بوا، ٢٠٠١: ٣٦) دەشێت لە هەندێك باردا لێکچونێکی کەمیان لەگەڵ ئاینزای شیعەدا هەبێت (درایڤر، ٢٠٠٥: ٩٧). لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین کە (ئەنادۆڵ) بە شێوەیەکی گشتی دوای هێرشی تورکەکان زیاتر مەسەلەی شیعەگەرێتی و بە پیرۆزگرتنی عەلی تێدا بڵاو بۆوە و کاریگەری زیاتری کردە سەر باوەڕی عەلەویەکانی دەڤەرەکە، جا چ کوردە عەلەویەکان یا تورکمانەکان(بێشکچی، ج٢، ٢٠٠١: ٨١) بەڵام لەگەڵ پەلهاویشتنی سەفەویەکان بۆ ناوچەی ئەنادۆڵ و هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی خۆیان لە ناوچەکە و پشت بەستنیان بەخێڵە تورکمانە شیعە مەزهەبەکان وایکرد بە بەرنامە کار بۆ پرۆسەی بڵاوکردنەوەی شیعە گەرێتی بکەن (أوغلو،مج٢، ١٩٩٩: ١٩٦) هەر ئەم پەلهاویشتنەی لایەنگرانی سەفەوی و شائیسماعیل لە ناوچەکەدا وایکرد زیاتر لە نێو موسڵمانە سوننەکانی دەوروبەریان و دەوڵەتی عوسمانیەوە بە (قزڵباش)* واتە سەرسورەکان بناسرێن (ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٢٤٥)، کە لەڕاستیدا ئەم زاراوەیە پێشتر تایبەت بوو بەخێڵە تورکمانە شیعە مەزەبەکان (ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٢٤٥) نەك عەلەویەکان، کە خاوەنی ئاینێکی تایبەت و سەربەخۆی خۆیان بوون: بەپێی بۆچوونی (نوری دەرسیمی) کە خۆی ڕوناکبیرێکی کوردی عەلەوی دەرسیمە، ئاینەکەیان زیاتر ڕەگ و ڕیشەی (زەردەشتی) هەیە، بەڵام بە هۆی هاتنی خێڵە کوردەشیعە مەزهەبەکانی خۆراسان و بە ئاگاداری خەلیفەکانی (حاجی بکتاش)† و ڕێبازی بەکتاشی و هاوسۆزی ئەمان لەگەڵ سۆفیەکانی سەفەوی مەیلی شیعەگەرێتی کەمێك کاریگەری هەبووە لە سەر یان (کیسیێر، ٢٠٠٦: ٤٩)، بەڵام وێرای ئەو کاریگەریەش هێشتا بنەماکانی کۆنی زەردەشتی لە ئاینی عەلەویدا بەدەردەکەون، وەك باوەڕبوون (بەسەرکەوتنی چاکە و ژێرکەوتنی خراپە و تاریکی)، هەروەها بەدیهێنانی مەراسیمی سەردانی (کیشتم)، خواوەندی (ئەهریمەن) تا ئێستاش هەرماوە:( دەرسیمی، ٢٠٠١: ٤٨) لە هەمان کاتدا هاوشێوەی ئێرانیەکۆنەکان کڕنوش بۆ شمشێرێکی چەقێنراو لە زەوی دەبەن وەك ئاماژەیەکی پەرستنی خوداوەند

---

*زاراوەی قزڵباش وشەیەکی هاو واتای سوکایەتی و جنێو بوو کە بەمەسیحیە یاخیبووەکان دەوترا: بەڵام زاراوەی عەلەوی لە سەدەی(١٩) هەمدا بڵاو بۆوە بۆ شوێن گرتنەوەی ئەم زاراوەیە: (هانز – لۆکاس: س: پ: ل (٤٨).

†بەکتاش: تەریقەتێکی دەروێشیە لە ناوی حاجی بەکتاش وەلی هاتووە کە لە سەدەی (١٣ و ١٤) سەری هەڵداوە: زۆر بەکەمی لەگەڵ مەزهەبی سوننەدا دەگونجێت لە سەدەی (١٦) هەمەوە بوو بە تەریقەتێکی هەرە باوی نێو دەوڵەتی عوسمانی و ڕێبازی پەیرەوکراو لە لایەن سوپای ئینکشاریەوە: (هانز – لۆکاس: س: پ: ل (٤٩) .

(ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٣٤٤) ئەو کاتە شائیسماعیلی سەفەوی لە ڕێگای بانگەشەکارانیەوە کە بە (خەلیفە) دەناسران پڕوپاگەندەی بۆ شیعەگەرێتی دەکرد، پەیمانی خۆش گوزەرانی بە ئەنادۆڵیەکان دەدا و لە نێویاندا خۆی وەك ئیمامی (مەهدی) دەناساند، تەنانەت دیوانە شیعرێکی بە ناوی (خەتائی) لە نێویاندا بڵاو کردبۆوە و تیایدا ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد، ئیمامی عەلی لە جەستەی ئەودا بەرجەستە بووە (أوغلو،مج[١]، ١٩٩٩: ٩٧). بەڵام وێڕای ئەو هەوڵانەی شا ئیسماعیل ناتوانین ئەو ڕاستیە فەرامۆش بکەین کە عەلەویەکان بەگشتی و کوردە عەلەویەکانی دێرسیم و دەوروبەری بەتایبەتی، خاوەنی ئاینێکی تایبەت بە خۆیان بوون، وێڕای ئەوەی کە لەگەڵ مەسیحیەکاندا لێك نزیکبوون و دواتر لەگەڵ گەیشتنی سوپای ئیسلامیش بۆ ئەنادۆڵ لە ساڵی (٩٠ ك) ئەمان نەکەوتنە ژێر کاریگەری هیچ کام لەو ئاینانە، بەڵکو ئەگەر شتێکیشیان لێوەربگرتنایە دواجار هەر مۆرکی ئاینە ڕەسەنەکەی خۆیان بە سەردا زاڵ دەکرد (دەرسیمی، ٢٠٠١: ٤٠).

هەندێك لە نوسەران عەلەویەکان بە خاوەنی ئاینێکی نهێنی لە قەڵەم دەدن (سایکس، ٢٠٠٢: ٨٦، ٨٧)، کە ئەم بۆ چوونەش لە ڕاستیدا پەیوەستە بە سروشتی گۆشەگیری دێرسیمیەکان و سەختی ناوچەکەیان و تێکەڵ نەبوونیان لەگەڵ کەسانێك کە خاوەنی ئایینی جیاواز بن (منتشا شڤیلی، ٢٠٠٨: ١٤٥؛ لازاریڤ، ٢٠٠٦: ٢٧٣). لە ڕاستیدا ئەوەی ئایینی عەلەوی لە تەریقەت و ئاینزا جیا دەکاتەوە دەیسەلمێنێت کە ئەمان ئاینێکی تایبەت و سەربەخۆن، ئەوەیە کە دەشێت کەسێکی عەلەوی پەیڕەوی لە تەریقەتی (بەکتاشی) بکات و بچێتە نێویان، بەڵام ئەمە هەرگیز بۆ سۆفیەکی تەریقەتی (بەکتاشی) ناشێت، واتە ناتوانێت ببێت بەعەلەوی، چونکە ئەوەی دایك و باوکی عەلەوی نەبێت لە بنەڕەتەوە وەك ئاین ناتوانێت بچێتە نیویان، تەنانەت ناتوانێت ژن و ژنخوازیشیان لەگەڵدا بکات، ئەگەر عەلەویەکیش بەو کارە هەستا ئەوا لە چاوی پەیڕەوکارانی ئاینەکەیدا بێ بەها تەماشا دەکرێت (بێشکچی، ج٢، ٢٠٠١: ٤٥). بەم پێیە ئاینی عەلەویەکان بواری موژدە گەرێتی و بڵاوکردنەوەشی تێدانیە. تەنها لەنێوخۆیاندا دەستەی (سەید)ە کان بەرپرسن و ساڵانە جارێك سەردانی پەیڕەوکارانیان دەکەن، بەمەبەستی سازکردنی ئاهەنگ و سروتە ئاینیەکانیان، کە هەندێك جار لە (دواشێوی پیرۆز)ی مەسیحیەکان دەچێت، هەروەها سەیدەکان لەم سەردانانەدا بنەماکانی بیروباوەڕیان بۆ ڕاڤە دەکەن، جگە لە (سەید)ەکان، دەستەی دووەم (دەدە) یان (دێدێ)* کانن ئەمانە بەرپرسن لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و کۆکردنەوەی باج

---

*بەلای خەڵکی ئاسایی عەلەویەوە (دێدێ) یان (دەدە) کەسانی نائاساییـن و پاکن بۆیە پێیان وایە ئەمانە شەش چاویان هەیەو دەتوانن شتی دیکە ببینن، چونکە

و كۆمەكە ئاینیەكان،(بوا، ٢٠٠١: ١٣٥، ١٣٦؛ جوەیدە، ٢٠٠٨: ٥٨، ٥٩ ) ئەم (دەدا) نە زۆر جار بە (شێخ)یش دەناسرێن كە تەنها ئەمان دەتوانن پلەوپایە و نازناوی ئاینی لەنێو عەلەویەكاندا ببەخشن، هەرچەندە بە شێوەیەكی گشتی مەرتەبەی ئاینی لەنێو عەلەویەكاندا كەمە (بێشكچی، ج٢، ٢٠٠١: ٤٥؛ كیسیێر، ٢٠٠٦: ٥١).

عەلەویەكان بە خۆیان دەڵێن (ڕۆڵەكانی ڕێگای ڕاست)، بڕوایان بە تاك و تەنهایی خواوەند و توانای بێ كۆتایی هەیە، پێیان وایە خواوەند (نە كوڕی هەیە نە هاوبەش)، جگە لەوە هەریەك لە (ئادەم و نوح و ئیبراهیم و موسا، محەممەد و عەلی) بە مەزنترین پەیامبەران لە قەڵەم دەدەن، بەڵام ئیمامی عەلی لە محەممەد بە مەزنتر دەزانن، دوانزە ئیمامەكەش وەك دوانزە حواری لە قەڵەم دەدەن (جوەیدە، ٢٠٠٨: ٥٨، ٥٩)، هەندێك لە نوسەران پێیان وایە عەلەویەكان كتێبی پیرۆزی تایبەت بە خۆیان هەیە كە بە، (مەجمەع) ناسراوە و لەبەر ڕۆشنایی قورئاندا دانراوە، (غەفور، ٢٠٠٠: ٢٠٦، ٢٠٧) ڕاو بۆچونێكی دیكە پێی وایە ئەوان كتێبی پیرۆزیان نیە، بەڵام ڕێز لە (تەورات و ئینجیل و قورئان) دەگرن، بەڵام هیچ ڕێنماییەك لەو كتێبانە وەرناگرن، تەنها پەیڕەو لە سەیدەكانیانەوە وەردەگرن كە سەرۆكی ئاینی و دونیایین، عەلەویەكان ڕەگەزە سروشتیەكانی وەك (دار، بەرد، ڕۆژ و مانگ و كازیوە) بەپیرۆز دەزانن (جوەیدە، ٢٠٠٨: ٥٩؛ غەفور، ٢٠٠٠: ٢٠٦، ٢٠٧)، بەیانیان لە كاتی خۆرهەڵاتندا بەرامبەر بە تیشكی خۆر دەجوڵێنەوە و خودا دەپەرستن و بە هەتاویش دەڵێن (ڕوناهی خودێ) (دەرسیمی، ٢٠٠١: ٤٩؛ غەفور، ٢٠٠٠: ٢٠٦)، بەڵام بۆچونێك هەیە پێی وایە ئەوان (هەتاو) دەپەرستن لە كاتی هەڵهاتن و ئاوابوندا، هەروەها ئاگر بە پیرۆز دەزانن (بوا، ٢٠٠١: ١٣٥، ١٣٦)، لە ساڵێكدا تەنها(١٠) ڕۆژی مانگی موحەڕەم بەڕۆژو دەبن، هەندێكیش پێیان وایە دوانزە ڕۆژ بەڕۆژو دەبن لەبەر پیرۆزی دوانزە ئیمامەكە، هەروەها دواتر سێ ڕۆژی دیكەش بە ڕۆژ و دەبن، ڕۆژانەش تەنها یەك نوێژی خۆیان دەكەن (بوا، ٢٠٠١: ١٣٥، ١٣٦).

عەلەویەكان بەگشتی سوێند ناخۆن (دەرسیمی، ٢٠٠١: ٤٠)، شوێنی پیرۆزی كۆبونەوەیان (جەم)ە، ژن و پیاویان بە سەرۆكایەتی پیری گوند لە ڕێ و ڕەسمی (جەم) دا بەشدار دەبن (كۆچێرا،٢٠١٣: ٤٥٧)، عەلەویەكان لەو باوەڕەدان گیان نامرێ، بەڵكو لە

---

دەشێت توانای بینینی (عەلی) هەبێت لە بەر ئەوەی لەو باوەڕەدان كە (عەلی) لە وانەیە لەناویاندابێت لە بەرگی كەسی دیكەدا، بەڵام كەسانی ئاسایی و گوناهكار ئەو توانایەیان نیە چونكە تەنها دوو چاویان هەیە: (د. ڕەشاد میران: س: پ: ل ٢٠٩).

شێوەی شتیکی دیکەدا دووبارە دەردەکەوێتەوە، دەڵێن مرۆڤ کە مرد ڕوحی بۆلای ئەستێرەکانی ئاسمان هەڵدەکشێ و لەوێ بە ئامادەبوونی (عەلی خودا) لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەو ڕوحانەی گوناحیان زۆر کردبێ لە شێوەی گیانلەبەردا دروست دەبنەوە (غەفور)، بە بۆچوونی عەلەویەکان خودا پەرستن و چاکەکاری تەنها بە ئەنجامدانی چەند کردەوە و سروتێکی ئاشکرا پێکنایات، دەبێ مرۆڤ هەوڵبدات لە دەرونەوە پیاو چاك و خاوێن بێ، چاکە بکاو کردەوەکانی لە لایەن خوداوە ڕاست بن، بەڵام ئەو کەسەی خراپە و گوناە دەکا: بەخەڵات و قوربانی پاك نابێتەوە، ئەگەر مەبەستی بێ خودا لێی ببورێت ئەوا دەبێت لە دەرونیدا هەست بە پەشیمانی بکات و کردەوەی چاك بکات (دەرسیمی، ٢٠٠١: ٤٨): لێرەوە دەتوانین بڵێین وێڕای هەستکردن بە نزیکیەکی بەرچاو لە ئاینزای شیعە، بەدیکردنی داب و ڕێوڕەسمی مەسیحی لە نێویاندا، ڕێزگرتن لە(موساو عیسا و محەممەد)، بە پیرۆز ڕاگرتنی (عەلی)، بەڵام زۆر بە ئاشکرا ئەو ڕاستیە هەست پێدەکەین کە ئەمان خاوەن ئاینێکی تایبەت بە خۆیانن.

زۆر جار لەگەڵ عەلی ئیلاهی (ئەهلی هەق) تێکەڵ دەکرێن (جەلیل،١٩٨٧: ٤٨؛ العبدولي، ١٣٠، ١٣١)، یان کەسانێك پێیان وایە تا ئەندازەیەکی بەرچاو لە (ئیسماعیلیەکان) ە وە نزیکن (غەفور،٢٠٠٠: ٢٠٦)، یان بە ئیسلامی میللی و هۆز گەرایی لە قەڵەم دەدرێن کە هاوشانی (سۆفیگەرێتی سەفەوی) خەملێوە و قەوارەی گرتووە (أوغلو،مج[١]، ١٩٩٩: ٩٧)، بەڵام (لازەرێڤ) کاتێك باسی کوردە عەلەویەکان دەکات دەڵێت: ئەوان خاوەن ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی خێڵەکی تایبەت بەخۆیانن، بەردەوام پارێزگاری گۆشەگیری خۆیان کردووە و بەرگریان لە نیمچە سەربەخۆییەك کردووە لە دەسەڵاتی ناوەندی یان خۆجێتی ناوچەکە،( لازاریڤ، ٢٠٠٦: ٢٧٣)، عەلەویەکان لە نێوخۆیاندا بە سەر چەند دەستەو گروپێکدا دابەشدەکرێن وەك،(شامی، حەیدەری، غەیبی، نامیسی... هتد) (غەفور،٢٠٠٠: ٢٠٦).

# باسی دووەم

# شوێن نیشتەجێ بوون و کاریگەریی لەسەر مانەوەی عەلەویەکان:

عەلەویەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە چەند شوێنێك دەژیان و مۆڵیان خواردبوو، کوردە عەلەویەکان بەشێوەیەکی گشتی لە دەڤەری دێرسیم و دەوروبەریدا کۆبووبوونەوە( کیسیێر، ٢٠٠٦: ٤٩)، کە ناوچەیەکی بچوکە لە نێوان ئەنادۆڵ و کوردستان: دەکەوێتە سەر هێڵی پانی (٣٨،٤٠)ە و (٣٧ە، ٣٩ە) باکور و هێڵی درێژی (٧، ٣٦ە، ٥٨، ٣٧ە) خۆرهەڵات، لە باشور و خۆرئاواوە بە لیوای خەرپوت و لە باکورەوە بە ویلایەتی ئەرزەرۆم و لە خۆرهەلاتیشەوە دیسان بە ویلایەتی ئەرزەرۆم و ویلایەتی دیاربەکر دەورەدراوە (سامی،٢٠٠١: ١٦١). هەرێمی دێرسیم وەك پشتێن دەوری ڕووباری فوراتی داوە، لە نزیك کیبان و مادیکادا یەکیان ئەگرتەوە (جەلیل،١٩٨٧: ٤٩): ڕووباری (موراد) لای باشورەوە سنوری دێرسیمە (دەرسیمی، ٢٠٠١: ١٨) ئەم ناوچەیە بە سەر دووبەشدا دابەش دەبێت کە بریتین لە:

١. دێرسیمی ڕۆژئاوا: کە مەڵبەندی شاری هوزات و قەزاکانی چەمشکەزەك، پەرتەك، ئۆڤ چك و کەماە.
٢. دێرسیمی ڕۆژهەڵات: قەزاکانی، مەزگەرت، کیغی، چارسەنجاق، نەزمیە و ناوچەی پلومەر، دواتر خەرپوتیش خرایە سەر دەرسیم (دەرسیمی، ٢٠٠١: ٦٤).

لە هەمان کاتدا هەرێمی دێرسیم لە دوو ناوچەی شاخاوی و دەشتایی پێکهاتبوو، دانیشتوانی دەشتاییەکەی بەگشتی زیاتر کەوتبوونە ژێر سایەی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ناوچە شاخاویەکەی ببووە مەڵبەندێك عوسمانیەکان بەئاسانی دەستیان نەیگاتێ و توانای پەلاماردانیان نەبێت (جەلیل،١٩٨٧: ٤٩؛ لازاریف، ٢٠٠٦: ٢٧٣):

چونکە بەهەموو پێودانگێك ناوچەی دێرسیم بە حوکمی چیا سەختەکانی و دۆڵە قوڵ و دارستان و لێرەوارە چڕەکانی ڕەوشێکی وای خولقاند بوو کە دانیشتوانەکەی بە سانایی ژێر دەست نەکرێن و لەگەڵ هەر ناوچەیەکی دیکەی کوردستاندا جیاواز بن (سایکس،٢٠٠٢: ٨٥_٨٨)، ئەم ناوچەیە تەنانەت بە لای کورد خۆشیەوە ناوچەیەکی یەکجار سەختە، هەرچەندە خۆیان بە گشتی چیانشینن (راندل،١٩٩٧: ٣٤٢). دێرسیم لە ڕووی کارگێڕیەوە دابەش بوو بوو بە سەر هەشت قەزادا: (خوزات، ئۆڤاچك، چەمشکەزەك، چارسەنجەق، مەلازگرت، کۆزیجان، قزل کلێسەوپاخ)، بە گشتی ئەم هەرێمە (٥٣٣) گوندی هەیە، ڕووبەرەکەی لە(١٣،٤٦٠ کم) چوار گۆشە پێکدێت (سامی،٢٠٠١: ١٦١). هەرچەندە ئەمڕۆ تورك پێکهاتەیەکی سەرەکی ئەنادۆڵن، بەڵام بەر لە هاتنی ئەمان و داگیرکاریان لەناوچەکەدا زۆر جار مێژوونوسان باسیان لە چالاکی کورد کردووە و ستایشی ئازایەتیان کردوون، تورکەکان ماوەیەك بەر لە بڵاوبوونەوەیان بە ئەنادۆڵدا لەگەڵ کوردەکاندا بەریەك کەوتوون، بەو پێیەی کورد هێزێکی ڕێکخراو و بە توانابوون و بەریان پێگرتوون، بۆ نموونە تورکە سەلجوقیەکان هەندێك جار هاوپەیمانێتیان لەگەڵ کوردەکاندا مۆرکردووە، کە دانیشتوی ئەنادۆڵ بوون و هاوشانیان شەڕی دوژمنەکانی خۆیان کردووە، یان لەگەڵیان جەنگاون و ویستویانە کۆتایی بە سیستمە دەرەبەگایەتیەکان بهێنن، کە ئەودەم لە قەڵەمڕەوی خۆیاندا بووە (بێشکچی، ج[1]، ٢٠٠١: ١٠٢)، بەڵام ئەم کارە بۆ سەلجوقیەکان و ئەوانەی دوای خۆشیان ئاسان نەبووە، چونکە ئەم ناوچەیەی نێو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی، بە شێوەیەکی گشتی بە حوکمی سەختی ناوچەکەی نەگونجاو بووە بۆ چەوساندنەوەی دانیشتوانەکەی، چونکە خۆیان وەك چیانشین کەسانی توندو دڵڕەق بوون و شانازیان بەخۆیانەوە کردووە و هەرگیز ئامادەیی کۆیلەیەتیان تێدا نەبووە (ابستانی، ٢٠١١: ٤٩)، هەندێك ڕاوبۆچوون هەن پێیان وایە ئەم کوردە عەلەویانە بە حوکمی زاڵبوونی سۆزی ئاینی و مەزهەبیان هەستی نەتەوەییان لە دەست داوە بەم شێوەیە ناسنامەی ئاینی زاڵبووە بە سەر ناسنامەی نەتەوەکەیاندا، بۆیە کاتێك لە یەکێکیان بپرسیت تۆچیت؟ لە وەڵامدا دەڵێت: من عەلەویم ! واتە پەیوەستەگی نەتەوەیی ڕاستە قینەی خۆی ون کردووە (العبدولی، ٢٠٠٧: ١٣٠، ١٣١)، لە کاتێکدا (ئیسماعیل بێشکچی) ڕاستەوخۆ ئەوان بە کورد وەسف دەکات و پێی وایە ئەو سیاسەتی بەکەم زانینەی دەرهەقیان بە کارهاتووە، وایکردووە زیاتر هۆشیار بن دژ بەو تێڕوانینە و بەردەوام وەك کەسانێکی خودان بیرێکی پێشکەوتن خواز بەدەرکەون و بەردەوام خاوەن ڕاپەڕین و بەرخودان بن، کە بەتێڕوانینی نوسەر ئەم بۆچوونە هیچ گومانێکی تێدانیە (بێشکچی، ج[2]، ٢٠٠١: ٤٥): (نوری دێرسیمی) بە هەمان شێوە لەم بارەیەوە دەڵێت: خێڵی کۆچان کە لە ڕۆژئاوای دێرسیم دەژین، وشەی دێرسیم بە دەرگای کوردستان لێکدەدەنەوە، لە بەر جەنگاوەری خوشیان بە پارێزەری ئەو دەرگایە

دەزانن، بەلای خەڵکەوە ئەگەر یەکێ وتی دێرسیم واتە کوردستان، چونکە ئەگەر لە جێگایەك گەڕانەوە دەڵێن هاتینەوە کوردستان، ئەگەر یەکێك بۆ دێرسیم بانگ بکەن، دەڵێن وەرە کوردستان، کوردستان ببینە، (دەرسیمی، ٢٠٠١: ١٧) .

دێرسیم بە هۆی سەختی شوێنەکەی و چیا بەرزەکانی لە کۆنەوە شوێنی هاتوچۆی هەندێك عەشیرەتی کورد بووە، عوسمانیەکان لە سەرەتادا وەك شوێنێکی بێ بایەخ لێیان دەڕوانی و سەر بە ویلایەتی ئەرزە ڕووم بوو، دواتر کردیانە ویلایەتێکی سەر بەخۆ، بەڵام ئاکامێکی چاوەڕوانکراوی لێ وەدینەهات، بۆیە لە دەمێکی دیکەدا کردیانە بە شێك لەویلایەتی (مەعمورە تولعەزیز) (سامی،٢٠٠١: ١٦١ ).

کوردە عەلەویەکانی دێرسیم بە سەر چەندین هۆز و عەشیرەتدا دابەش بوون و لەو ناوچەیەدا دەژیان، بە بۆچوونی دێرسیمیەکان خۆیان، هەندێك لەو هۆزانە لە خوراسانەوە ساڵی (٧٠٠ ك) ڕوویان لە دێرسیم کردووە کە بریتین لە هۆزەکانی (شێخ حەسەنان، کوڕە شیان، هورمەکان، ئزوڵان، سادیان، کارسانان، میلان، باماسوران) هەر هەمووشیان بە شێوەی (زازایی) قسەیان کردووە و تورکییان نەزانیوە، دێرسیمیەکان ئەم هۆزانە بەو کوردانەی هاوەڵی (ئەبو موسلیم خوراسانی) لە قەڵەم دەدەن کە دوای کوژرانی ئەبو موسلیم لە ترسی ئازار و ئەشکەنجەی عەرەب بەرەو خوراسان چون و دواتر لەگەڵ سەیدە کوردەکاندا ڕوویان کردۆتە دێرسیم (دەرسیمی، ٢٠٠١: ١٧): شێوازی ئاخاوتنەکەشیان کە زازاییە، هەرچەندە کەمێك جیاوازە لە کرمانجی، زمانی باوی کوردە سوننە مەزهەبەکان بەڵام کاتێك ڕوودەکەنە دێرسیم بە ئاشکرا لەیەك تێدەگەن (سایکس، ٢٠٠٢: ٨٧، ٨٨). ( ولیام ایگلتن) کاتێك باسی هۆزە کوردە عەلەویەکانی دێرسیم دەکات، ناوی ئەم هۆزانە دەبات: (شاواك، فرهاد، اوشاغی، بختیارلی، چمشکزك، کەرەبانلی، میرزانلی، عەباسانلی، بڵاشاغلی، لاچین اوشاغی و کوزلیجان). جگە لەم هۆزانەش باس لە هەندێك کوردی ڕەوەندیش دەکات لە ناوچەکەدا کە خۆیان (بەکۆچمان) یان (کۆچەر) ناو دەبەن (أیغلتون، ٢٠٠٦: ١٢٥)، هۆزە نیشتەجێکان لەم شارو شارۆچکانەدا دەژین: (تیغی، مەلازگەت، نەزمیە، بلومەر، چارسەنجاك، چارسەنجیق، پەرتەك، چەمشکە زەك، ئۆڤاچك، کەماە، عەرەبکیر ئەکین، زازا، کەرجە وێران، بولو جای، خوزات، چەپەق چور، عەمرانیە، سیواس، مەڵاتیە، ئەزنجات و قەزای کیچی) (شمو، ٢٠٠٨: ١٢٤؛ میران، ٢٠٠٠: ٢٠٥).

عەلەویەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا وەك ئاماژەمان پێکرد تەنها لە کورد پێك نەهاتبوون، بەڵکو خێڵە تورکەکانیش باوەڕداری هەمان ئاینیان تێدا بوو کە لە چیاکانی(تۆرۆس و

پۆنتۆس)لە نزیك شارەكانی (ئەستەمبوڵ و ئەدەنا، سیواس، تۆفان و ئەماسیاو) دەژین، كە پێدەچێت ئەمانە لەبنەڕەتدا توركی لە ئاین وەرگەڕاو بن، نەك كوردی تواوە، ئەم توركانە ئێستا ژمارەیان لە كوردە عەلەویەكان زیاتر نەبێت كەمتر نین، لەكاتی ململانێی (شا ئیسماعیل) و (سوڵتان سەلیم) دا ئەمان شان بەشانی كوردە عەلەویەكان بڕبڕەی پشتی لەسەر پێ وەستانی سەفەویەكان بوون لەئێران دا (ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٢٤٣).

جگە لەمانیش عەلەوی عەرەبیش لە (ئەنتاكیا) دەژین (كۆچێرا،٢٠١٣: ٤٥٧)، هەروەها عەلەویەكانی سوریاش كە بە (نەسیری) دەناسرێن لە باكوری ئەو وڵاتە بڵاو بوونەتەوە كە ناوچەیەكی شاخاویە دەكەوێتە سەر كەناری دەریای سپی ناوەڕاست، هەروەها لە دەشتی (حومس و حەما و حەلەب) دەژین لەسەر سنوری ئەمڕۆی نێوان توركیا و سوریا،( الكيالي، ج٤، ٢٠٠٩: ١٨١) جگە لەوە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی عوسمانیدا عەلەویەكان لە ویلایەتی (بروس و كیلیكیای كۆن) دەژین و لەخواروی ئاسیای بچوكیشدا مەڵبەندی ئاینیان هەیە (میران،٢٠٠٠: ٢٠٥)، پێدەچێت (شەبەكیش) كە ئەمڕۆ لە باشور و باشوری ڕۆژهەڵاتی (موسڵ) دەژین، بچنە خانەی عەلەویەكانەوە (ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٢٤٣).

سەبارەت بە ژمارەی عەلەویەكان بەگشتی و كوردە عەلەویەكانی نێو دەوڵەتی عوسمانی هیچ سەرژمێرێكی ورد و فەرمیمان لە بەردەست نیە، سەبارەت بە سەرژمێری گشتیان لە ئەمڕۆدا، سەرچاوەیەك تێكڕایان لە جیهاندا بە (٢) ملیۆن لە قەڵەم دەدات (الكيالي، ج٤: ١٨١)، بەڵام پێناچێت ئەم ژمارەیە هیچ ڕاستیەكی تێدابێت، چونكە (جەلیلی جەلیل) كاتێك تەنها لە سەردەمی عوسمانی دا باس لە ژمارەی كوردە عەلەویەكانی دێرسیم دەكات بە (١٤٠٠٠٠) سەدوچل هەزار كەس لە قەڵەمیان دەدات (جەلیل،١٩٨٧: ٤٨)، لە كاتێكدا(گریناری فەرەنسی) ساڵی (١٩٠٥) دا، ژمارەی عەلەویەكانی نێو دەوڵەتی عوسمانی بە یەك ملیۆن كەس لە قەڵەمداوە (میران،٢٠٠٠: ٢٠٥)،(ماركس سایكس) لای خۆیەوە ژمارەی بنەماڵەی هۆزە كوردە عەلەویەكانی نێو دەوڵەتی عوسمانی بە (١٧٠٠) خێزان لە خەمڵاندووە (سایكس، ٢٠٠٢: ٨٦، ٨٧)، لە هەمان بواردا بە پێی مەزەندەیەك كە كڵێسای ئەرمەنی ئەستەمبوڵ لە ساڵی (١٩١٢) ئەنجامی داوە، ڕێژەی عەلەویەكانی نێو دەوڵەتی عوسمانی كە لە شەش ویلایەتدا كۆبوونەتەوە خۆی لە سەدو چل هەزار كەس دەدات، ئەم ژمارەیە لەو كاتەدا ڕێژەی (٥،٣%) دانیشتووی ئەو دەوڵەتەی پێك هێناوە (درایڤر، ٢٠٠٥: ٦٢،٦٣)، لە ڕاستیدا جیاوازی نێوان ژمارەكان و بڕەكان وادەكات بواری ڕاستاندن و باوەڕ پێكردنیان ئەستەم بێت، بەڵام ئەو ڕاستیە ناشاردرێتەوە كە ئەم پێكهاتە ئاینی و نەتەوەییە لە نێو دەوڵەتی عوسمانیدا بە زەقی هەستیان پێكراوە، خراپی مامەڵەی دەوڵەتی عوسمانی و شكستی سیاسەتەكانیان بۆ دەستەمۆكردنی عەلەویەكان، لە

هەمان کاتدا عەلەویەکانی دێرسیم و دەوروبەری بە حوکمی سەختی ژینگە و نێوچەکەیان زیاتر لە ڕووی ئابوریەوە سەرقاڵی ئاژەڵداری و مەڕوماڵات بەخێوکردنن دەڤەرەکەشیان زیاتر بۆ ئەو چالاکیە ئابوریە دەگونجێت(بێشکچی، ج٢، ٢٠٠١: ٣٠)، لە پاڵ داهاتی شوانکارەییدا کشتوکاڵێکی کەم و ڕەز و باخ و بێستانیان هەیە(ئاشنا، ٢٠٠٣: ٣٩)، بەڵام شارو شارۆچکەی بە بازاڕو سەوداو ئاڵو گۆڕیان نیە، بڕێکی کەمی چنراو و پێداویستی خەڵکەکە لە لایەن دێوەرەکانەوە دگێڕدرێ ژمارەیەك لە ژنانی دەڤەرەکەش مافوری چاك دروستدەکەن (بورکای، ٢٠٠٨: ٤٨٠). بەڵام وێڕای ئەم چالاکیە ئابوریە سنورداره‌ش زێدە بەرهەمیان زۆر کەمە بەشی کەڵەکبوون و وەبەرهێنان ناکات(بێشکچی، ج[٢]، ٢٠٠١: ٣٠)، بزاوتێکی دیکەی ئابوریان کە ئەمیش کەم و سنورداره بریتیە لە (جەنگەڵداری) ئەمەش هەر لەئاکامی نەبوونی کشتوکاڵێکی فراوانەوە خەڵکی خۆیان پێ سەرقاڵ کردووە (بورکای، ٢٠٠٨: ٤٨٠)، چونکە تەنها لە دێرسیم و دەوروبەریدا سەدو پەنجا هەزار دۆنم زەوی بە دارستان داپۆشراو هەیە ئەمەش بواری جەنگەڵداری ڕەخساندووە لە پاڵ ڕووبەرێکی زۆری بە گژوگیا داپۆشراو کە ئەمیش هەر بۆ کشتوکاڵ لە بار نیە و زیاتر وەك لەوەڕگا و پاوان بەکاردێت لە لایەن عەلەویەکانی دێرسیمەوە (سامی،٢٠٠١: ١٦٢_١٦٣)، کە لە سایەی نیزامێکی خێڵەکی داخراودا دەژیان، بەردەوام بەرگریشیان لەو دابڕان و گۆشە گیریەی خۆیان دەکرد لە دەسەڵاتی ناوەندی و هەژموونی دەسەڵاتی خۆجێیەتی عوسمانیش لە نێوچەکەدا، کە بەردەوام دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی ناچار بوون ڕەچاوی ئەم ڕەوشی نیمچە سەربەخۆییەی دێرسیم بکەن ( لازاریف، ٢٠٠٦: ٢٧٣)، لە ڕاستیدا لەو بارەوە دێرسیم ئاماژە بوو بۆ شێوە و واتایەکی بەڕێوەبەرایەتی زیاتر لەوەی ئاماژە بێت بۆ مانایەکی جوگرافی (جەلیل،١٩٨٧: ٤٩).

# باسی سێیەم

## سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر کوردە عەلەویەکان

لە نوسراوە فەرمیەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا جیهان بەسەر خانەی ئیسلام و خانەی جەنگدا دابەشکرابوو کە بێگومان ئەم بۆچوونەیان لە شەریعەتی ئیسلامەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەو خانەی ئیسلامەی کە مەبەستیان بوو تەنها قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی نەبوو، بەڵکو موسڵمانە سوننەکانیشی دەگرتەوە، وەك خانەکانی ئۆزبەك یان مەغۆلەکانی هندستان، بەڵام هەڵوێستی هەرە ناڕۆشن و گوماناوی، دۆخی شیعە سەفەویەکانی ئێران بوو، چونکە یەکێك لە فەقیهەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەوەی ڕەتکردبۆوە کە (قزڵباشەکان) لە ئێران و ئەنادۆڵ بە بەشێك لە ئومەتی ئیسلامی لە قەڵەم بدرێن (فاروقی،٢٠٠٨: ٣٦، ٣٧)، بێگومان عوسمانیەکان ئەو کاتە زاراوەی (قزڵباش) واتە، سەرسوریان بەسەر سەفەوی و تورکمانەکاندا دابڕیبوو، کار و هەڵسوکەوتەکانی لە پێش چاوی ڕای گشتی بە تاوان ئەژمار دەکرد، هەر لێرەشەوە ئەو گروپانە ناوی (عەلەوی) یان لەخۆیان نا، کەتا ئەمڕۆش هەر ئەو نازناوە بەخۆیان دەڵێن، هەرچەندە لای سوننە مەزهەبەکان هەر بە قزڵباش دەناسرێن (أوغلو،مج[٢]، ٢٠٠٩: ١٩٧).

عوسمانیەکان لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەمدا وەك جەنگاوەر لە پێناو ئیسلامی سوننە مەزهەبدا خۆیان دەناساند دژ بە مەسیحیەکان و کافرو شیعە و هەڵگەڕاوەکان (فاروقی،٢٠٠٨: ٢٠٣)، لە ڕاستیدا دەوڵەتی عوسمانی بەر لە هەر شتێك دەوڵەتێکی ئیسلامی سوننە بوو، سەرجەم موسڵمانانی سوننەش خۆیان بە بەشێك لە جەستەی ئەو سیستمە سیاسیە لە قەڵەم دەدا (بێشکچی، ج[٢]، ٢٠٠١: ٢٣؛ عمر، بێ ساڵی چاپ: ٥٩)، لەم

لایەنەشەوە تورکەکان بە گشتی سودمەند بوون لە ئیسلام و بەهۆی ئەو ئاینەوە لە گەلێکی بت پەرستی توندو شەڕەنگێزەوە گۆڕابوون بۆ گەلێکی نوێ بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی بەر لە ئیسلام بونیان (نوار، ١٩٩١: ٢٦)، جگە لەم لایەنە، سەرەتا لە دەوڵەتی عوسمانیدا تەنها موسڵمانی سوننە بۆیان هەبوو چەکداربن و بچنە ڕیزی جەنگاوەرانی موسڵمانەوە، ئەم بابەتەش بە پشت بەستن بە شەرعی ئیسلام پیادە دەکرا، کە تەنها موسڵمان بۆی هەیە چەك هەڵبگرێ (بروکلمان).

لە ڕاستیدا وێڕای مەسەلە مەزهەبیەکان و جیاوازی ئاین لەگەڵ عەلەویەکاندا، دەوڵەتی عوسمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی پازدەهەمەوە دەستیکرد بە پیادەکردنی سیستمێکی مەرکەزی توند لە دەوڵەتدا، ئەم هەنگاوەش وا پێویستی دەکرد کە عەلەویە کۆچەر و شوانکارەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە دوا وێستگەدا ناچار بەجێگیر بوون بکات بێگومان ئەم مەسەلەیەش بەر لە هەموو شتێك مەبەست لێی زاڵبوون بوو بە سەریاندا، تاوەکو بەسانایی باجیان لێ وەربگرێت و ناویان لە تۆمارەکاندا جێگیر بکات (أوغلو،مج[1]، ٢٠٠٩: ١٩٥)، ئەمە جگە لەوەی کە عوسمانیەکان لە سەدەی شانزەهەمدا سەرهەڵدانی ئەو بزاوتە عەلەویە یان بە کارەساتێکی گەورە لەمێژووی ئاینی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عوسمانیدا لە قەڵەم دەدا (أوغلو،مج[1]، ٢٠٠٩: ١٩٥)،چونکە لە ڕاستیدا عەلەویەکان و ئاینەکەیان بەردەوام لەتێڕوانینی دەوڵەتی عوسمانیدا نەنگ و مایەی شەرمەزاری بوو (ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٢٤٥) بەڵکو موسڵمانە سوننەکان ئەوانیان بە خەڵکێکی بێ بیرو باوەڕ لەقەڵەم دەدا، پەندێك لە نێویاندا باو بوو، دەیوت،؛هەرکەسێ دوو عەلەوی بکوژێ دەچێتە بەهەشت؛ (بێشکچی، ج٢، ٢٠٠١، ٦٤؛ کۆچێرا،٢٠١٣: ٤٥٧، ٤٥٨)،ئەم توندو تیژیەی دەوڵەتی عوسمانی وەك پیادەکاری سوننەگەرێتی (حەنەفی) زۆر جار نەك تەنها عەلەوی بەڵکو مەزهەبەکانی دیکەی سوننەشی دەگرتەوە، ئەوانیش بە کەم تەماشادەکران و دەبینران (بێشکچی، ج٢، ٢٠٠١: ٦٤؛ جوەیدە، ٢٠٠٨: ٥٣)، سیاسەتێکی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی دژ بە عەلەویەکان، بریتی بوو لە درووستکردنی مزگەوت لە گوندەکانیاندا، بێگومان ئەم کارەی دەوڵەت مایەی نەفرەت و ناڕەزایی عەلەویەکان بوو، پێیان وابوو جۆرێکە لە ئاستەنگ درووستکردن و ئاژاوە نانەوە لە نێو کومەڵگای عەلەویدا (العبدولی، ٢٠٠٧: ١٣٣)، ئەم ڕەفتارانە تەنها دەوڵەت پەیڕەوی نەدەکرد، بەڵکو شێخ و مەلا کوردە سوننەکانیش، کوردانی عەلەویان بەبێ باوەڕ لە قەڵەم دەدا، بۆ سوکایەتی پێکردن پێیان دەوتن (ڕافزی) (قزڵ باش)، هەر لە بەر ئەوەش پێیان ڕەوا بوو کە بکوژرێن و ماڵیان بە تاڵان ببرێ (دەرسیمی، ٢٠٠١: ٤٥)، هەر بۆیە دەیان ناو و ناتۆرەیان دوا دەخستن، هەندێك جار بە (تاژێك) یان (توژێك) بانگیان دەکردن، زۆر جاریش موسڵمانەکان بە (پیسلمان) ناوزەدیان دەکردن

(میران،٢٠٠٠: ٢٠٤)، ئەم تێڕوانینە کاریگەری کردۆتە سەر بێگانەکانیش، بۆ نموونە (درایڤ)، ئایین وبیروباوەڕی عەلەویەکان بە خورافاتی بەتاڵ لە قەڵەم دەدات، نەریت وهەڵس و کەوتیان بە شورەیی دەزانێت (درایڤر، ٢٠٠٥: ٩٧)، گرنگ لە مێژوو سیمای عەلەویەکاندا، ئەویش لە دابەشبوونی گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا ڕەنگی دایەوە (جەلیل،١٩٨٧: ٤٨)، ئاشکراشە بەردەوام هەژموون و دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا لاوازبوو، بە بەراورد لەگەڵ بەشی ڕوژئاوایدا، ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ سێ گروپی سەرەکی تیایدا دەژیان، هۆز و جوتیارە کوردەکان لە باشوری ئەو بەشەبوون، جوتیارە تورکمانەکان زیاتر لە باکور نیشتەجێ بوون، بەڵام جوتیارە ئەرمەنەکان لە بەشی ڕۆژهەڵاتیدا کۆ بووبوونەوە، حکومەت توانی نێوچەکانی باکور کە تورك نشین بوو کۆنترۆڵ بکات، بەڵام هەردووبەشی باشور و ڕۆژهەڵاتی پێ کۆنترۆڵ نەکرا، ئەو دۆخی سەربەخۆییەیان تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمی خایاند، چونکە کوردە عەلەویەکان بەردەوام رکابەرێکی سەرسەختی دەوڵەتی عوسمانی بوون (یاب، ١٩٩٨: ١٤٤، ١٤٥)، زۆر جاریش لە ئاست سیاسەتی توندو دوژمنکارانەی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە دێرسیمەکان، ئەوانیش پەلاماری ناوچە تورك نشینەکانی دەوروبەری خۆیان دەدا، بەڵام گرفتی ئەم کوردە عەلەویانە لە وەدابوو کە نەیاندەتوانی لەگەڵ کوردی ناوچەکانی دیکە بسازێن و پێکەوە کاربکەن (دەرسیمی، ٢٠٠١: ١٠٦).

ئەم سیاسەتە توندەی دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی سوڵتان بایەزید (١٤٨١-١٥١٢) دا تائەندازەیەك نەرمی و جۆرێك لە هاوسەنگی بە خۆوە بینی، ئەوەش لە ئاکامی ئەوەدا کە سوڵتانی ناوبراو مەبەستی بوو بەم سیاسەتە هاوسەنگی دەرەکی و ناوخۆ ڕابگرێت و وڵات بەرەو پێشکەوتن بەرێت، لەم لایەنەشەوە تا ئەندازەیەك سەرکەوتوو بوو (اینالجک، ٢٠١٤: ٥٤)، بەڵام لە مەشدا کوردە عەویەکانی دێرسیم هێندە سودمەند نەبوون، چونکە لە دابەشکردنی داهاتیشدا پشکێکی زۆر کەم بەر ئەو ناوچەیە دەکەوت، کە خۆی لە بنەڕەتدا بە حوکمی سەختی سروشتەکەی بواری بزاوتی ئابوری وەبەرهێنانی کەم بوو (بێشکچی، ج٢، ٢٠٠١: ٣٠).

دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی بە شێوەیەکی گشتیش هیچ گۆڕانکاریەکیان لە ژیانی دانیشتوانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا بۆ ئەنجام نەدرابوو، خەڵکە ڕەوەندو کۆچەرەکەی هەروەك سەردەم و زەمەنی سەلجوقیەکان دەژیان، تەنانەت پێکهاتەی خێڵایەتی و ئاینیشیان هەرهەمان پێکهاتە بوو، دەوڵەتی عوسمانی زۆر جار نوسراوی فەرمی پاراستنی شەجەرەی بنەماڵەی شێخایەتی و سەیدایەتی بەخشیبوە زۆربەی ئەو شێخانەی سەرۆکایەتی هۆزە سوننە مەزهەب و عەلەویەکانیان دەکرد،کە وەك

بەڵگەنامەیەکی دەسەڵات و موڵکداریێتی بە کاریان دەهێنا، ئەو نوسراوانە ناوی هۆز و گوندەکانی تێدا تۆمارکرابوو، بە پشت بەستن بەو دۆکۆمێنتە داهات و دەسکەوتێکی ساڵانەی باشیان بە دەست هێنا (أوغلو،مج[٢]، ٢٠٠١: ١٦٨؛ ئاقچورا، ٢٠١٠: ١٢٦، ١٢٧)، ئەم ڕەوشە وایکردبوو زۆر جار ڕاپەڕینە میللیەکانی ئەنادۆڵ هۆکارە ڕاستەوخۆکەی کۆمەڵایەتی یان سیاسی بێت، بەڵام بەردەوام سیمایەکی ئاینی و مەزهەبی وەردەگرت (اینالجک، ٢٠١٤: ٢٨٢)، لە هەمان کاتدا کێشەی هەرە گەورەی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا مەسەلەی جڵەوکردنی خێڵەکانی ئەو ناوچەیە و دامەزراندنی دام و دەزگای دەوڵەت بوو تیایدا، چونکە سیستمی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ئابوری کۆچەرایەتی و ڕاگوێزراودا نەدەگونجا، عوسمانیەکان دەیانویست ئەو هۆزانە توماربکەن و باجی بەردەوام و ڕێکخراویان لێ وەربگرن، کۆتایی بە یاسا پشتبەستوو بە نەریتەکانیان بهێنن، چونکە ئەم خێڵانە تائەندازەیەکی زۆر تێکەڵاوی تەریقەتە سۆفیگەریەکان ببوون، هەندێك لەو خێڵانە ئاینی ئیسلام و تەریقەت و ئاینی (شامانی) یان تێکەڵ بە داب و نەریتی خێلایەتی کردبوو، لە هەمان کاتدا ویست و داواکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیشیان، بە ڕووپۆشێکی مەزهەب گەرا داپۆشیبوو دژ بە دەوڵەتی عوسمانی کە ئاینزای سوننەی پیادە دەکرد، ئەم ڕەوشە وایکرد کە لەسەرەتای سەدەی شازدەهەمدا کێشەی ئەم گروپانە هاوشانی عەلەویەکان ببێتە گەورەترین کێشەی ناوخۆ بۆ دەوڵەتی عوسمانی، بە تایبەتی دوای ئەوەی شا ئیسماعیلی سەفەوی توانی لە ساڵی (١٥٠٠ز) کۆتایی بە دەسەڵاتداریێتی میرنشینی (ئاق قۆینلو) بهێنێت، کە هەژموونی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵەوە بۆ ئێران و ئازەربایجان درێژ دەبۆوە بەو پێیەش بوو بەسەرکردەی ئاینی و سیاسی سەرجەم تورکمانەکان (بورکای، ٢٠٠٨: ٤٨٠؛ اینالجک، ٢٠١٤: ٥٥،٥٦؛ هروتی٢٠٠٨: ٣٠،٣١).

## باسی چوارەم
## پەرچەکرداری دەوڵەتی عوسمانی لە ئاست سیاسەتەکانی شائیسماعیل لە هەمبەر عەلەوییەکان:

شا ئیسماعیل بەردەوام دەوڵەتی عوسمانی بە بەهێزترین ڕکابەری دەوڵەتە نوێیەکەی خۆی لە قەڵەم دەدا، لەو ڕاستیەش گەیشتبوو کە ناتوانێت شکستی پێ بهێنێت ئەگەر لە ناوخۆی دەوڵەتەکەوە بنکوڵی نەکات، هەر بۆیە دەستیکرد بە بانگەشەکردن بۆ بیرۆکەی شیعە گەرێتی دوانزە ئیمامی (أوغلو،مج[٢]، ٢٠٠٩: ١٩٥)، لێرەدا پێویستە فاکتەری بە پیرۆز زانینی(عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب) فەرامۆش نەکەین، تەنانەت لە نێو سوننە مەزهەبەکانی ئەنادۆڵیشدا، بەڵام لە کۆتایی سەدەی پازدەهەمەوە بانگەشەی سەفەوی بزوێنەری سەرەکی پەرەسەندنی ئەو ڕەوتە بوو (أوغلو،مج[٢]، ٢٠٠٩: ١٦٣)

شائیسماعیل لە ڕێگەی کۆمەڵێك بانگەشەکارەوە پروپاگەندەی دەکرد کە بە (خەلیفە) دەناسران (أوغلو،مج[١]، ٢٠٠٩: ١٩٥)، ئەمە وێڕای ئەوەی کە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی و فشارەکانی بۆ سەر عەلەویەکانی ئەنادۆڵ وایکرد،کە بچنە پاڵ شائیسماعیل و پشتیوانی لێبکەن (العبدولی، ٢٠٠٧: ١٣٢)، شائیسماعیل لەو بارودۆخەدا توانی ئەو بەشە نیگەران و تورەیە دژ بە دەوڵەتی عوسمانی هەڵبژێرێت و بیکاتە ئامانجی هەڵمەتی بانگەشەکەی، لێرەدا دەتوانین بڵێین عەلەویەت بەرهەمی ئەو کەش و بارودۆخە بوون کە ئاستەنگە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕیەکانی ئەنادۆڵ خەملاندبووی بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆ پەسەندکردنی پروپاگەندەکانی سەفەویەکان (أوغلو،مج[٢]، ٢٠٠٩: ١٩٥،١٩٦)، بێگومان بەدەر لە مەسەلەی مەزهەب و ئایین شائیسماعیل دەیویست قەڵەمڕەوی خۆی فراوان بکات

و دەسەڵاتی بگاتە ئەنادۆڵ و لەوێشەوە بپەڕێتەوە بۆ شام (العراق فی التأریخ ،١٩٨٣: ٥٦٧، ٥٦٨)، ئەم لێکدانەوە ئابوری و سیاسیە بە هەمانشێوە بۆ عوسمانیەکانیش دەگونجا،چونکە سوڵتانەکانی عوسمانیش مەبەستیان بوو کە بازرگانی هند بخەنە ژێر چاودێری خۆیانەوە (بێشکچی، ج[٢]، ٢٠٠١: ٢٢، ٢٣)، بەڵام جموجۆڵی شائیسماعیل لە ئەنادۆڵدا زۆر ئاشکرا بوو، بە تایبەتی لە سەردەمی سوڵتان بایەزیدی دووەم، پیاوەکانی بۆ هەموو لایەکی ئەنادۆڵ ڕەوانە دەکرد، ئەوەبوو ئاژاوە و ڕاپەڕینێکی گەورە لە نێو تورکمانە عەلەویەکاندا سەری هەڵدا بە سەرکردایەتی (شاە قولی باباتکەلی) هێندەی نەمابوو هەموو ئەنادۆڵ بگرێتەوە (أوغلو،مج[١]، ٢٠٠٩: ٣٠)، بەر لەم ڕاپەڕینەش هەریەك لە (بابا ئیسحاق) و (شێخ بەدرەدین) ڕوویاندابوو، دواتریش (جەلال تەرخانی) بە هەمان شێوە ڕاپەڕینێکی ئەنجامدا، هەموو ئەم ڕووداوانەش قوڵی ناکۆکیەکانی هەردوو مەزهەبی سوننەو شیعەی بەدەردەخست (بێشکچی، ج[٢]، ٢٠٠١: ٢٢، ٢٣).

لە ڕاستیدا ترس و گومانەکانی عوسمانیەکانیش بێ بنەما نەبوو لە ئاست پەرەسەندنی هەژموونی سەفەوی و شیعەگەرێتی لە (ئەنادۆڵ) دا، چونکە تورکە عەلەویەکانی ئەنادۆڵ زۆر بە ڕێك و پێکی باجێکی تایبەتیان بۆ شا ئیسماعیل، دەنارد کە بە (حق شا) ناسرابوو، هەروەها بۆ حەجکردنیش ڕوویان دەکردە (ئەردەبیل) بۆ سەر گۆڕی (شێخ سەفیەدین) و نەدەچوونە مەککە (اینالجک، ٢٠١٤: ٢٩٦)، بۆیە هەندێك لە مێژوو نوسان پێیان وایە شائیسماعیل دەوڵەتەکەی لە سەر شانی خێڵە تورکمانەکانی ئەنادۆڵ بونیاد ناوە، بە پشت بەستن بەوان هەنگاوی ناوە، هەر ئەم پەلهاویشتن و مەترسیەش بوو وایکرد سوڵتان بایەزید لە ساڵی (١٥٠٣) دا جەنگی دژ بە (ڤینیس) ڕابگرێت (أوغلو،مج[١]، ٢٠٠٩: ٣٠)، چونکە شائیسماعیل هێندە کاری کردبووە سەر ئەو خەڵکە هەژارەی ئەنادۆڵ لە ڕێگای دیوانەکەیەوە کە بە (هەناسەکانی شا) ناسرابوو، خۆی وەك (ئیمامی مەهدی) بە خەڵك دەناساند، پەیمانی خۆش گوزەرانی بە عەلەویەکانی ئەنادۆڵ دەدا، زۆر جار وای نیشان دەدا کە ئەو بەرجەستەکەری وێنەی خودایە لە جەستەی (عەلی کوری ئەبوتاڵیب)دا(أوغلو،مج[٢]، ٢٠٠٩: ١٩٦).

لێرەدا ئەوەی مایەی تێڕامانە ڕەوشی کوردە عەلەویەکانە بەگشتی و دێرسیمەکان بە تایبەتی، ئەمان هەرگیز نەدەچوونەوە خانەی شیعە گەرێتیەوە، بەڵام سوڵتانەکانی عوسمانی هەردەم بە چاوی گومان لێیان دەڕوانین و بەلایەنگری دەوڵەتی سەفەوییان لە قەڵەم دەدان (ئێزەدی، ٢٠٠٧: ٣٤٦)، شائیسماعیل نێوچە کوردیەکانی ئەنادۆڵی بە بوارێکی زیندوو گرنگ بۆ گەشەسەندنی دەوڵەتەکەی لە قەڵەم دەدا، هەر بۆیە لە نێوان ساڵانی (١٥٠٥-١٥٠٧) دا شاری (دیار بەکر) ی داگیرکرد (العراق فی التأریخ ،١٩٨٣: ٥٦٣، ٥٦٤)،

کوردستان وێڕای گرنگیەکەی لە ڕووەکانی ئابوری و سەربازی، خاوەن پێگەیەکی ستراتیژی گرنگ بوو، چونکە دەکەوتە سەر ئەو ڕێگا بازرگانیە سەرەکیەی کە ئێرانی دەگەیاندە سەر دەریای ناوەڕاست، ئەو کاتەش ئاوریشم سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتی ئێران بوو، بەو ڕێگایەدا دەگەیشتە ئەورووپا (هروتی، ٢٠٠٨: ٣١)، هەر بۆیە دەبینین هەردوو دەوڵەت هەوڵی ڕاکێشانی میرە کوردەکانیان دەدا بەلای خۆیاندا، بەڵام پێدەچێت سەفەویەکان لەم هەوڵەیاندا هێندە سەرکەوتوو نەبووبن، چونکە تەنها چەند میرێکی کورد لەعەلەویەکان چوونەتە پاڵ شائیسماعیل کە یەکێکیان (حاجی ڕۆستەم بەگ) ی میری (چەمشکەزەك) (هروتی، ٢٠٠٨: ٣١؛ برونەسن،١٩٩٩: ١٩٥) بوو، ئەم مەترسیەی دەوڵەتی سەفەوی و بیرۆکەی شیعەگەرێتی تادەهات پەرەی دەسەند، بە شێوەیەك چیدی نەدەکرا عوسمانیەکان لێ بێدەنگ بن، هەر بۆیە جەنگی ئەو دوو دەوڵەتە بوو بە مەسەلەیەکی بابەتی و دەبوایە ڕووی بدایە (أوغلو،مج[٢]، ٢٠٠٩: ١٩٥).

لێرەدا فاکتەری کوردی ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لەم ململانێیەدا لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویەکاندا، سەیر لەوەدایە بەر لەم ململانێیە واپێدە چوو کورد لە سەر گۆڕەپانەکە ون بووبێت، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی ئەم بارە نوێیەدا دەکەونەوە جم و جۆڵ، ئەو کاتەش دەوڵەتی عوسمانی زۆری لامەبەست بوو کە سودو لەمیرە کوردەکان وەربگرێت و بە هۆی ئەوانەوە شوێن پێی خۆی لە ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ قایم بکات، ئەو میرانە وەك زامن و پشت و پەنا دژ بە سەفەویەکان بە کاربهێنێت، لە ڕاستیدا دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیدەدا دەست لە کاروباری هۆزە کوردەکان وەرنەدات لەو ناوچەیەدا، ئاشکراشە کورد لە کۆنترین گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵە، هەر ئەم ڕاستیەش دواجار سوڵتان سەلیمی ناچارکرد لەگەڵ دەرەبەگە کوردەکاندا هاوپەیمانی ببەستێت (بێشکچی، ج[٢]، ٢٠٠١: ١٠٠، ١٠١).

دوای مردنی سوڵتان بایەزیدی دووەم لە ساڵی (١٥١٢ ز) سوڵتان سەلیمی یەکەم ناسراو بە (سەلیم یاوز) شوێنی گرتەوە (ئەسکەندەر، ١٩٩٨: ٩٢، ٩٣)، بە پێچەوانەی بایەزید ئەم هیچ نەرم و نیانیەکی تێدانەبوو، هەر بۆیە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو دەوڵەتەدا هێرشەکانی بە ئاڕاستەی جیهانی ڕۆژئاوا ڕاگرت و ڕوویکردە ڕۆژهەڵات، چونکە پێشڕەویەکانی شائیسماعیل لای ڕۆژئاوای دەوڵەتی عوسمانیەوە، مەترسیەك بوو کە نەدەکرا سوڵتان سەلیم لێی بێدەنگ بێت (الجواهری، ١٩٩٠: ٦٥)، بەڵام ئەو بڕیارە دەبوایە لە سەرەتاوە ئامادەباشی بۆ بکات، بۆیە دوای بەدەستهێنانی (فەتوا) ی (شێخ الاسلام) بەوەی شائیسماعیل کافر و زەندیقە و جیهاد کردن لە دژی کارێکی ڕەواو شەرعیە، بڕیاری ڕاگەیاندنی جەنگی دا دژی دەوڵەتی سەفەوی و سیمایەکی ئاینیشی بەو جەنگە بەخشی،

بەڵام بەر لە ئامادەکردنی سوپاو ڕەوانەکردنی بەرەو بەرەکانی جەنگ، دەبوایە بەرەکانی پشتی سوپاکەی زامن بکات، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاری لە ناوبردنی شیعەو عەلەوییەکانی دا لە نێو قەڵەمڕەوی دەوڵەتەکەی، وەك باس دەکرێت فەرمانیداوە بە نهێنی سەرژمێر بکرێن و هەر هەموویان لە ناو ببرێن، سەرچاوەکان ژمارەی قوربانیەکان بە نزیکەی(٤٠٠٠٠) چل هەزار کەس لەقەڵەم دەدەن (اینالجک، ٢٠١٤: ٥٧؛ گەنتەر، ٢٠٠٧: ١٩٤)، سوڵتان سەلیم دوای ئەو هەنگاوە سوپایەکی گەورەی ئامادەکرد و بەرەو ڕۆژهەڵات هەنگاوی نا، لە ڕیککەوتی(٢٣/ئاب /١٥١٤) بەرامبەر بە (٢ ی ڕەجەبی ٩٢٠ك) لە (چالْدێران) ڕووبەڕووی سوپای شائیسماعیل بۆوە (حجازی فەر، ٢٠٠٢: ١٤٢؛ برونەسن١٩٩٩: ؟)، سەیر لە وەدا بوو ئەو سوپایەی سوڵتان سەلیم کە بەرە و بەرەکانی جەنگ دەچوون بەدەم ڕێگاوە شیعرەکانی شائیسماعیلیان دەوتەوە، بێ ئاگا لەوەی کە ئەوان بۆ جەنگ دژی شا ئیسماعیل و سوپاکەی بەڕێکەوتوون (بێشکچی، ج[٢]، ٢٠٠١: ٢٤، ٢٥)، بێگومان لەو جەنگەدا دەوڵەتی عوسمانی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناو سەفەویەکان شکان، شائیسماعیل بە زامداری لەو جەنگە ڕزگاری بوو، سوڵتان سەلیم هاوشانی سوپاکەی شاری (تەورێز) ی پایتەختی دەوڵەتی سەفەویان داگیرکرد (أوغلو،مج[١]، ٢٠٠٩: ٣١)، بەم شێوەیە دوای ئەو جەنگە بەشی زۆری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە دەوڵەتی سەفەوی سەندراو خرایە سەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی (ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٣٤٧)، بەڵام ئەم سەرکەوتنە نەبووە هۆی ئەوەی سوڵتان سەلیم دەست بەرداری عەلەویەکان بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە تادەهات ڕق و تۆڵەی ئەستورتر دەبوو، هەڵمەتەکانی دژ بە عەلەویەکان توندتر دەبوون، شاڵاوی تیرۆر و ڕفاندن پەرەی دەسەند، بە شێوەیەك عەلەویەکان ناچار دەکران دەست بەرداری ئاینەکەیان بن، یان پەنا بۆ نێو چیا و شوێنە دوورە دەستەکان بەرن (العبدولی، ٢٠٠٧: ١٣٠، ١٣٢). ئەم فشارە لێرەدا بە رامبەر بە کوردەکانی دێرسیم دوو بەرامبەر بوو، چونکە لە یەك کاتدا ستەمی عەلەوی بوون و ستەمی کوردبوونیشیان لەسەر بوو (ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٣٤٧)، سوڵتان سەلیم وێڕای فشاری سەربازی پەنای بۆ ڕێگای گفتوگۆش برد لەگەڵ میرە کوردەکاندا، بۆ ئەو مەبەستە (مەلا ئیدریسی بەدلیسی) ڕەوانەی لای میرە کوردەکان کردوو و کەوتە دانوستان لە گەڵیاندا، ناوبراو خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت، دوای گەڕانەوەمان لە تەورێز، سوڵتان سەلیم فەرمانی پێکردم کە هەوڵ لەگەڵ سەرجەم میرە کوردەکاندا بدەم بیانخەمە ژێر ئاڵای گوێڕایەڵی سوڵتان، هەروەها بەڵێن و پەیمانی ئیسلامیانەیان پێ بدەم بە کارکردن بۆ پێکهێنانی شانشین و میرنشین لە کوردستاندا؛ (ئەسکەندەر،١٩٩٨: ٧٣؛ زەکی، ٢٠٠٠: ٧)، بەڵام وەك نوری دەرسیمی باسی کردووە، میرە کوردەکانی دێرسیم لە ناوەڕۆکی ئەو پەیمانە گەیشتوون و بەشدارییان تێدا نەکردووە (دەرسیمی، ٢٠٠١: ١٠٥؛ هروتی، ٢٠٠٨: ٦٢).

تەنانەت زۆرێك لە میرە كوردەكانی دێرسیم و دەوروبەری هێزی چەكداری تایبەت بە خۆیان هەبووە و دانیان بە دەسەڵاتی سوڵتانەكانی عوسمانیدا نەناوە و تەنانەت باجیشیان نەداوە بە دەوڵەت (منتشا شڤيلی، ٢٠٠٨: ٢١، ٢٢)، پێدەچێت كێشانی نەخشەیەكی سیاسی ورد بۆ كوردستان لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا كارێكی قورس بێت، بە حوكمی ناجێگیری ڕەوشی سیاسی تیایدا و ململانێكانی نێوان میرنشینە كوردییەكان خۆ بەخۆی یەك، لەگەڵ داگیركەرانی كوردستانیشدا، بەڵام سەبارەت بەشوێنی نیشتە جێبوونی كوردە عەلەویەكان لەو سەردەمەدا، ئەوا دەتوانین ئاماژە بەوە بكەین كە نشینگەی ئەو كوردانە دابەش بوو بوو لە نێوان میرنشینەكانی.

چەمشكەزەك، كە دەكەوێتە باكوری مەڵاتیەو دێرسیم لە نێو قەڵەمڕەوی ئەم میرنشینەدا بوو كە (حاجی ڕۆستەم بەگ) فەرمانڕەوایەتی دەكرد.

میرنشینی سڤیدیا، دەكەوێتە ڕۆژئاوای موش، حوكمڕانی شاری (گەنج) ی دەكرد، كە مەڵبەندی میرنشینەكە بوو، هاوشانی ئەو شارە هەردوو ناوچەی (خان چوك) و(چەپاقچور) دەكەوتنە نێو قەڵەمڕەوی ئەو میرنشینە كە (خان ئەبداڵ) فەرمانڕەوای بوو (هروتی، ٢٠٠٨: ٢١، ٢٢).

دەشێت لێرەدا ئاماژە بەوە بكەین، هەر چەندە دێرسیمیەكان بەشدار نەبوون لەو پەیمانەی مەلا ئیدریسی بەدلیسی سەرپەرشتی كردووە، بەڵام سوڵتان سەلیم بە باشی زانیوە لەو كاتە دا گرفت لەگەڵ دێرسیمیەكان درووست نەكات (دەرسیمی، ٢٠٠١: ١٠٥)، هەوڵەكانی مەلائیدریسی بەدلیسی بەردەوام بوون بۆ ناچار كردنی میرە كوردەكان بە چوونە ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی، هەندێك جار لە ڕێگای ناكۆكی خستنە نێو میرەكانەوە، كەلە یەكێك لەو حاڵەتانەدا، (محەممەد پاشا)ی فەرماندەی تورك هەلی بۆ ڕەخسا پەلاماری قەڵای (كەماە) ی داو داگیری كرد و سەرجەم شوێنەوارەكانی نێو قەڵاكەشی كاولكرد (دەرسیمی، ٢٠٠١: ١٠٥)، تەنانەت پاسەوانانی قەڵا، كە بەپیلانی مەلائیدریس هیچ بەرگریەكیان نەكردبوو، هەر هەموویان لە سێدارە دران، دانیشتوانی قەڵاكەش بە ناچاری كۆچیان كرد بۆ دێرسیم، سوڵتان سەلیم دوای سەركەوتنی لە جەنگی (چاڵدێران) ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا سەرجەم ناوچە شاخاویەكان بخاتە ژێر كۆنترۆڵی خۆیەوە، لە ئەرزەڕۆمەوە درێژ دەبوونەوە تا دیاربەكر (اینالجک، ٢٠١٤: ٥٧)، هەر لەو سەروبەندەدا پەلاماری میرنشینی (زولْقەدەر)ی دا لە (مەرعەش) لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٥١٥)ز، دواتر یەك لە دوای یەك شوێنەكانی دیكەی كۆنترۆڵ دەكرد، لە پێش هەموویانەوە (دیاربەكر) (أوغلو،مج[١]، ٢٠٠٩: ٣١)، دوای كۆنترۆڵكردنی ئەم شارە كرا

به ناوەندی ویلایەتێکی فراوانی عوسمانی ناسراو بە (ویلایەتی دیار بەکر)، ناوی ئەم ویلایەتە لە تۆمارێکی ساڵی (١٥٢٠ز) دەوڵەتی عوسمانیدا هاتووە (هروتی، ٢٠٠٨: ٧١؛ الداقوقی، ٢٠٠٣: ١٤١)، دواتریش سوڵتان سەلیم لە ساڵی (١٥١٦ز) دا هێزێکی دە هەزارکەسی بە سەرکردایەتی (مستەفا پاشا) والی تەرابزۆن ڕەوا نەکردووە بۆ داگیرکردنی ئەرزەنجان و چەمشکەزەك کە هێشتا سوپای دەوڵەتی سەفەوی تێدا مابوو، بەڵام لەم هێرشەدا ژمارەیەك کوردیش هاوشانی هێزەکە پەلاماری ناوچەکەیان داوە (هروتی، ٢٠٠٨: ٥٧، ٥٨) پێمان وایە ئەم کوردانە سوننە مەزهەب بوون و لە ئاکامی هەوڵەکانی مەلا ئیدریس بەم کارە هەستاون.

دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگای سیخوڕەکانیەوە زۆر بە وردی بەدواداچوونی بۆ هەموو جم و جۆڵێکی عەلەویەکان کردووە، تەنانەت تەکیە و پەرستگاکانیشی پشکنیون و مەبەستی بووە بزانێت کێ پەیوەندی لەگەڵ سەفەویەکانداماوە، بەم شێوەیە ئاینی عەلەوی جارێکی دیکە لە زۆر ناوچەدا بوو بە ئاینێکی نهێنی، بەڵام هەر سوور بوون لە دژایەتیکردنی دەوڵەتی عوسمانی (اینالجک، ٢٠١٤: ٢٩٦)، ئەم دژایەتی و پەلاماردانە تەنانەت لە ئەدەبی عوسمانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی لە شیعرەکانی (پیر سوڵتان عەبدال) دا کە شاعیرێکی میللی عوسمای بوو (بێشکچی، ج[٢]، ٢٠٠١: ٢٩٦).

دوای ئەم پێشڕەویانە دەوڵەتی عوسمانی وەك ڕێکخستنەوەی لایەنی کارگێڕی کەوتە دووبارە ڕێکخستنی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادوڵ، لە شێوەی دوو یەکێتی کۆنفیدڕاڵی گەورە دا، کوردەکان لە هاوپەیمانێتی ناسراو بە (قەرە - ئولوس)، تورکمانەکانیش لە هاوپەیمانێتی (بۆز – ئولوس)، ئەم دوو هاو پەیمانێتیە بەردەوام کێشەو ململانێیان لە نێواندا بوو، بەڵام مەبەستی سەرەکی عوسمانیەکان لەم هەنگاوەیان ڕێکخستنەوەی باج بوو، کوردەکان وێڕای ئەوەی هیچ سەرژمێرێکی ورد لە بارەی خۆیان یان مەڕوماڵاتەکانیان لەبەر دەستدانیە کەچی ئەوە تۆمارکراوە، کەساڵانە یەك ملیۆن (ئاقچە) *یان وەك باج بەدەوڵەت داوە (اینالجک، ٢٠١٤، مج[١]: ٨٥_٨٧)، بەڵام خێڵە تورکمانەکان کە بە قزڵباش ناسرابوون تابیستەکانی سەدەی شازدەهەم ڕێژەیان لە هەموو ئەنادۆڵدا لە ١٥% زیاتر

---

*ئاقچە دراوێکی دەوڵەتی عوسمانی بوو، هەر لەسەرەتای درووست بوونی ئەو دەوڵەتەوە بەکار دەهات تا ساڵی (١٨٧٦ ز) ئەم دراوە لە زیو درووست دەکرا، سوڵتان ئۆرخان بۆیەکەم جار لەساڵی (١٣٢٧ ز) لە سکەی دا (الدکتور حسین مجیب المصری، معجم الدولة العثمانیة، ط١، القاهرە، ٢٠٠٤، (ص١٨).

نەبووە (ئینالجک، ٢٠١٤، مج[١]: ٨٢)، کە دواتر لە نێو یەکێتی (بوز - ئولوس) دا کۆکرانەوە، بەڵام زۆر بەیان دایانە پاڵ دەوڵەتی سەفەوی کۆچیان کرد بۆ ژێر قەڵەمڕەوی ئەو دەوڵەتە، لە کاتێکدا یەکێتی (قەرە – ئولوس) کە کوردە سوننە شافیعی مەزهەبەکانی تێدا کۆکرابۆوە هەر لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا مانەوە و ڕۆڵێکی بەرچاویشیان گێڕا لە ململانێی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا (أوغلو،مج[١]، ٢٠٠٩: ٣٢)، لە ڕاستیدا سوڵتان سەلیم (١٥١٢- ١٥٢٠) سور بوو لە سەر جێبەجێکردنی نەخشەکەی خۆی بۆ تەنگ هەڵچنین بە کورد بەگشتی و کوردە عەلەویەکان بە تایبەتی، لەم پێناوەشدا ناکۆکی قوڵی خستبوە نێو کوردەکان بەناوی مەزهەب و تەریقەت و ئایین لە نێوان کوردە عەلەویەکان و سوننە مەزهەبەکاندا، بە ئەندازەیەك ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا نەمابوو، خواردنی دەستی یەکتریان نەدەخوارد فەتوای مەلا سوننەکان تادەهات دۆخەکەی ئالۆزتر دەکرد، ئەم ناکۆکیە ڕێگر بوو لەبەردەم یەکێتی نەتەوەیی کورد(دەرسیمی، ٢٠٠١: ٤٤). ئەم ڕەوشی لێکدابڕانە وا لەبازرگانێکی عەلەوی دەکات لە بارەی ڕەزگەزی خۆیەوە بڵێت، نازانم چ ڕەگەزێکم، هێندێك لایان وایە ئێمە کوردین، کە سانێك پێیان وایە تورکین، هەر دوولایان ئێمە ئەزیەت و ئازار دەدەن، من دەڵێم عەلەویم؛ (کۆچێرا،٢٠١٣: ٤٥٩؛ گەنتەر، ٢٠٠٧: ١٩٤).

## ئەنجام

لەم توێژینوەیەدا گەیشتوینەتە ئەم ئاکامانەی لای خوارەوە،

یەکەم: عەلەویەکان خاوەن ئایینێکی تایبەت بە خۆیانن، جیاوازە لەگەڵ ئاینە ئاسمانیەکان بە گشتی و ئاینزای شیعە بە تایبەتی، هەر چەندە لێکچوونی لەگەڵ هەمووواندا هەیە، بەڵام هیچ کام لەو ئایین وئایینزایانە نەیانتوانیوە مۆرکی ڕەسەنی ئاینی عەلەوی بسڕنەوە.

دووەم: کوردە عەلەویەکانی دێرسیم و ناوچەکانی دیکە هەردەم هەوڵیان داوە خۆیان لە دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی بە دوور بگرن، ڕێگە بە دەست وەردان ئەو دەوڵەتە نەدەن لە ژیان و کاروباری نێوچەکانیاندا.

سێیەم: عەلەویەکانی دێرسیم وێڕای هەموو هەوڵێکی شا ئیسماعیل بۆ تێوەگلاندنیان لە ململانێی خوی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، تەنها میرێکیان نەبێت بە دەنگ داواکەیەوە نەچوون، هەرچەندە سیاسەتی چەوتی دەوڵەتی عوسمانی وایکرد تا ئەندازەیەك لە هەندێك کاتدا هاوسۆزبن لە گەڵیاندا.

چوارەم: گرفتێکی گەورەمان ئاینی عەلەویە و داخرانی نێوخۆی خۆیەتی، تا ئەمڕۆش ئەم بیرۆکەیە باڵا دەستە، هەندێك جار ڕەنگدانەوەی هەبووە لە سەر مەسەلەی هاوکاری و پەیوەندیان لەگەڵ کوردی سوننە مەزهەب بە شێوەیەگی گشتی.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم / بەزمانی عەرەبی


١. اوغلو، اكمل الدين احسان، أ. د، نورى يوجه وآخرون:١٩٩٩، الدولةالعثمانية تأريخ وحضارة، ترجمة / صالح سعداوى، المجلد الثانى،ط ١، مج٢، استانبول.
٢. اوغلو، اكمل الدين احسان، أ.د.نورى يوجه وآخرون:١٩٩٩، الدولة العثمانية تأريخ وحضارة، ترجمة / صالح سعداوى، ط١، مج١، استانبول.
٣. ايغلتون، وليام:٢٠٠٦، القبائل الكورديه، ترجمة/ د. أحمد محمود خليل، ط١، مطبعة وزارة التربية، أربيل.
٤. اينالجك، خليل:٢٠٠٧، التأريخ الاقتصادى والاجتماعى للدولة العثمانية ترجمة / د. عبد اللطيف الحارس، المجلد الاول،ط١، دار المدار الاسلامى، طرابلس.
٥. اينالجك، خليل:٢٠٠٧، التأريخ الأقتصادى والأجتماعى للدولة العثمانية، ترجمة / د، عبد اللطيف الحارس، المجلد الثانى، ط١، دار المدار الأسلامى، طرابلس.
٦. اينالجك، خليل:٢٠١٤، تأريخ الدولة العثمانية من النشؤ الى الانحدار، ترجمة / محمد. م. الارناؤرگ، ط٢، دار المدار الأسلامى، طرابلس.
٧. بروكلمان، كارل:١٩٧٤، تأريخ الشعوب الاسلاميه، ترجمة / نبيه امين فارس - منير البعلبكى، ط٦، دارالعلم، للملايين، بيروت.

٨. البستانی، سلیمان:٢٠١١، عبرة و ذكری او الدولة العثمانية، قبل الدستور وبعده، تحقيق ودراسة، خالد زيادة ط١، دار الرؤية، القاهرة.
٩. بوا، توماس:٢٠٠١، تأريخ الأكراد، ترجمة / محمد تيسير ميرخان، ط ١، دار الفكر، بيروت.
١٠. بيشكجی، د. اسماعيل:٢٠٠١، النضام فی الأناضول الشرقية، الأسس الاجتماعية – الاقتصادية والبنی التحتية، ترجمة / شكور مصطفی، الجزء الثانی، ط١، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل.
١١. بيشكجی، د.أسماعيل:٢٠٠١، النضام فی الأناضول الشرقية، الأسس الاجتماعية - الاقتصادية والبنی التحتية، ترجمة / شكور مصطفی، الجزء الاول، ط١، دار آراس للطباعة والنشر، اربيل.
١٢. الجواهری، عماد:١٩٩٠، صراع القوی السياسية فی الشرق العربی، ط١، بلا أسم المطبعة، الموصل.
١٣. الداقوقی، د. ابراهيم:٢٠٠٣، أكراد توركيا، ط ١، دار المدی، دمشق.
١٤. راندل، جوناثان:١٩٩٧، أمة فی شقاق، دروب كوردستان كما سلكتها، ترجمة / د. فادی حمود، ط ١، دار النهار للنشر، بيروت.
١٥. سايكس، مارك:٢٠٠٢، القبائل الكوردية فی الامبراطورية العثمانية، ترجمة / د. هەوراز سوار علی،١، مطبعة هاوار، دهوك.
١٦. شمو، قادر سليم:٢٠٠٨، موقف الكورد فی حرب الاستقلال التركية (١٩١٩ – ١٩٢٢) ط١،مطبعة خانی، دهوك.
١٧. العبدولی، د. تهامی:٢٠٠٧، أسلام الأكراد، ط١، دار الطليعة، بيروت.
١٨. عمر، د.عمر عبدالعزيز :بدون سنة طبع. ، تأريخ المشرق العربی (١٥١٦ – ١٩٢٢) ، ط١، دار النهضة العربية، بيروت.
١٩. فاروقی، ثريا:٢٠٠٨، الدولة العثمانية والعالم المحيط بها، ترجمة / د. صالح الطحاوی، ط١، دار المدار الأسلامی، بنغازی.
٢٠. الكيالی، د. عبد الوهاب وآخرون:٢٠٠٩، الموسوعة السياسية، ج٤، ط٥، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
٢١. الكيالی، د.عبد الوهاب وآخرون:٢٠٠٩، الموسوعة السياسية، ج٥، ط٥، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
٢٢. لازاريف، م. س:٢٠٠١، المسألة الكوردية (١٨٩١-١٩١٧) ، ترجمة / أكبر احمد، ط١، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجيه، سليمانية.

٢٣. لازاريف، م. س:٢٠٠١، المسألة الكوردية (١٨٩١-١٩١٧) ، ترجمة / أكبر أحمد، ط١، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية.
٢٤. لازاريف، م. س:٢٠٠٦، النضال واخفاق، المسألة الكوردية فى سنوات (١٩٢٣-١٩٤٥) ، ط١، مطبعة شڤان، السليمانية.
٢٥. مجموعة من المؤلفين :١٩٨٣، العراق فى التأريخ، ط١، دار الحريه للطباعة، بغداد.
٢٦. المصرى، د. حسين مجيب:٢٠٠٤، معجم الدولة العثمانية، ط١، دار الثقافة للنشر، القاهره .
٢٧. نوار، د.عبدالعزيز سليمان:١٩٩١، الشعوب الاسلامية، الاتراك العثمانيون، -الفرس- مسلمو الهند، ط١، دار النهضة العربية، بيروت.
٢٨. هروتى، د. سعدى عثمان:٢٠٠٨، كوردستان والأمبراطورية العثمانية، دراسه فى تطور الهيمنة العثمانية فى كوردستان (١٥١٤ – ١٨٥١) ، ط ١، مطبعة خانى، دهوك.
٢٩. ياب، مالكولم:١٩٩٨، نشؤ الشرق الدنى الحديث (١٧٩٢- ١٩٢٣) ، ترجمة / خالد الجبيلى، ط١، الأهالى للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.

**دووەم/ بەزمانی کوردی**

١. ئاشنا، ئومێد:٢٠٠٣، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ژیان و بەرهەمەکانی، چ ١، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢. ئاقچورا، بەڵما:٢٠١٠، فیلمە کوردیەکەی دەوڵەت، ڕاپۆرتەکان سەبارەت بەکورد (١٩٢٥ تا ٢٠٠٧) ، وەرگێڕانی / ئەردەڵان گۆران، چاپخانەی خانی، دهۆك.
٣. ئیزەدی، میهرداد:٢٠٠٧، چەردە باسێك لە بارەی کوردانەوە، وەرگێڕانی / ئەمین شوان، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٤. ئیسکندەر، د.شەمسی محەمەد:١٩٩٨، مێژووی کورد لەسەدەی (١٦) هەمدا، وەرگێڕانی / شوکور مستەفا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٥. ئەمین، زەکی محەمەد:٢٠٠٠، خولاصەیەکی مێژوویی کوردو کوردستان، چاپی نوێ، چاپ و ئۆفسێتی سەردەم، سلێمانی.
٦. برونەسن، د. مارتین ڤان:١٩٩٩، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی / کوردۆ، ب١، چ٢، چاپخانەو ئۆفسێتی ڕوون، سلێمانی.

٧. برونەسن، د. مارتین ڤان:٢٠٠٣، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، وەرگێرانی /د. کوردۆ عەلی، ب٢، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٨. بورکای، کەمال:٢٠٠٨، کورد و کوردستان لە سەردەمی باستانەوە تاکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، وەرگێرانی / عەلی فەتحی، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٩. جوەیدە، د. وەدیع:٢٠٠٨، جوڵانەوەیی نەتەوەیی کورد، بنەما و پەرەسەندنی، وەرگێرانی / پ.ی.د. یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
١٠.جەلیل، جەلیلی:١٩٨٧، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێرانی / د. کاوس قەفتان، چ١، چاپخانەی دار الحریة، بغداد.
١١.حیجازی فەر، هاشم:٢٠٠٢، شائیسماعیلی یەکەم و جەنگی چاڵدێران، وەرگێرانی / کەمال ڕەشید شەریف، چ ١، چاپخانە و ئۆفسێتی تیشك، سلێمانی.
١٢.درایڤر، گ. ر:٢٠٠٥، درایڤرو کورد، کۆمەڵەی پێنج وتار، وەرگێرانی / ئەنوەری سوڵتانی، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
١٣.دەرسیمی، د.نوری:٢٠٠١، دەرسیم لەمێژووی کوردستاندا وەرگێرانی / د. ئەحمەد فەتاح دزەیی، چ١، دەزگای موکریان، چاپخانەی وەزرەتی پەروەردە، هەولێر.
١٤.سافراستیان، ئارشاك:٢٠٠٥، کوردو کوردستان، وەرگێرانی / ئەمین شوان، چ ٢، هەولێر.
١٥.شەمسەدین، سامی:٢٠٠٨، کورد و کوردستان لەیەکەم ئینسکلۆ پیدیای تورکی لە مێژوودا، قاموس ئەلعەلامی شەمسەدین سامی، وەرگێرانی / ئەحمەد تاقانە، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر.
١٦.غەفور، د. عەبدوڵڵا:٢٠٠٠، جوگرافیای کوردستان، چ١، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی.
١٧.کۆچێرا، کریس:٢٠١٣، بزووتنەوەی نەتەویی کوردو ویستی سەربەخۆیی، وەرگێرانی / حەسەن ڕستگار، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٨.کیسێر هانز –لوکاس:٢٠٠٦، ڕاپەڕینی کوردە عەلەویەکانی دەرسیم (١٩١٩ – ١٩٢١) ، وەرگێرانی / نەجاتی عەبدوڵڵا، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
١٩.مایکڵ، گەنتەر:٢٠٠٧، فەرهەنگی مێژوویی کورد، وەرگێرانی / مامکاك، چ ١، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢٠.منتشاشفيلی، أ، م:٢٠٠٨، کورد، کورتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابوری، ڕۆشنبیری و گوزەران، وەرگێڕانی، پ. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، چ ٢، دەزگای موکریان، چاپخانەی خانی دهوك.
٢١.میران، د. ڕەشاد:٢٠٠٠، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

## ملخص البحث

أحتل علويوا الدولة العثمانية بشكل عام و ديرسيم بصورة خاصة مكانه ملفتة للنر فى سياسة كلتا الدولتين الصفوية والعثمانية: والصراع الدائر بينهما، ان الصفويون اعتماداً على الميول العلوية نحو الأمام (علي بن ابي طالب) وتقديسهم له و لوا بأنضارهم نحو هذه الشريحة الواسعة فى الدولة العثمانية، القاطنين فى الأناضول و حاولوا الأعتماد عليهم فى صراعهم مع تلك الدولة و لكن فى غمرة هذا الصراع نال الكورد العلويون من الشدة والتعسف الصاع صاعين، كونهم كانوا كوردا وعلويون فى نفس الوقت ، على الرغم من كون العلوية ديانة خاصة مستقلة بذاتها و ليس لها صلة واضح مع المذهب الشيعى الأثنى عشرى المتبع من قبل الدولة الصفوية، في حين كان تركمان العلويون ميولهم نحو التشيع و الدولة الصفوية واضحة و قوية.

أنطلاقا من هذه النقطة أردنا أن نسلط الضؤ على أحوال الكورد العلويون فى دائرة الصراع الصفوى - العثماني في الفترة مابين (١٥٠٠ – ١٥٢٠) و برغم من قلة المصادر باللغتين العربيه و الكوردية و كثرة المغالطات التأريخية في تلك المصادر ، ألا أننا حاولنا قدر المستطاع أن ندلو بدلونا في ثنايا الموضوع .

قد قسمنا بحثنا المتواضع هذا على أربعة مباحثة :

المبحث الأول : خصصنا هذا المبحث للتحدث عن ركائز العلوية كديانة مستقلة و علاقاتها مع الأديان السماوية الأخرى.

المبحث الثانى: تطرقنا في هذا المبحث عن موطن العلويون فى الدولة العثمانية و عددهم التقريبى حسب المصادر التأريخية.

المبحث الثالث: قمنا بتوضيح دعائم السياسة العثمانية تجاه العلويون فى مبحثنا هذا.

المبحث الرابع: تحدثنا فى هذا المبحث عن محاولات الشاه اسماعيل للتقرب من تلك الشريحة وكسبهم الى جانبه فى صراعه مع الدولة العثمانية و رده الفعل الأخيرة تجاه سياسات الشاه اسماعيل.


## Abstract

The Alevis in general and the Alevi Kurds of Dersim in particular were always in the focus of interest by both the Ottomans and Safavids. They were also part of their conflicts, because the Safavids has often tried to benefit from their respect and love for Ali bin Abi-Talib in their struggle with the Ottomans. On the other hand, the Ottomans, being the patron of another streaming, i.e. the Sunna has always treated the Alevis suspiciously and scornfully. During the

movements of the Safavid Shah Ismail in eastern Anatolia at the beginning of the 16th century, Sultan Selim inaugurated a campaign of purging his domain from the Alevis he could reach. The Alevi Kurds, who were totally distinct from the Alevi Turks, suffered from the same campaign. According to the sources, 40,000 of these have been perished.

In the light of the significance of this subject, we have tried to undertake an academic research using as much available as sources. The subject is divided into four parts، 1) Here we have shed some light on the religious principles of the Alevism and its connections with other religions. 2) This part is devoted to present an overview of the areas inhabited by the Alevis in the Ottoman Empire and the economic significance of their regions. 3) Specifically discusses the attempts of Shah Ismail to draw the Alevis of Eastern and Central Anatolia to his side. 4) This last part puts is about the policy of Sultan Selim in relation to the expansionist attempts of the Safavids in the west of the Ottoman Empire which, apart from mass-murder and deportation, it brought a great damage to that large portion of the Kurdish population in his domain.